# زۆرایەتی و جاگلەر

هەوڵێک بۆ لێکدانەوەی سێکوچکەی ڕۆشنبیر، دەسەڵات و زۆرایەتی لەدوای ڕاپەڕینەوە

**کاروان کاکەسوور**



٥ی کانونی یەکەم، ٢٠٢١   توێژینەوە، هزر

چەمکی ڕۆشنبیر هەمیشە ئەو چەمکە بزێو و یاخییە بووە، کە ڕووناکبیر و فیلۆسۆفانی بە خۆیەوە خەریک کردووە، بۆیە تەنیا لە بواری سیاسەتدا نەماوەتەوە و چووەتە ناو هەموو بوارەکانی دیکەیشەوە. سەیر نییە ئەگەر دەبینین زۆرترین پێناسەی بۆ کراوە. لەگەڵ دەرکەوتنی کێیسی دریفوس (Dreyfus) لە ساڵی (١٨٩٤)دا چەمکی ڕۆشنبیر زیاتر خۆی بەسەر

بیرکردنەوەی ڕووناکبیر و فیلۆسۆفاندا دەسەپێنێت. کاتێ ئەو ئەفسەرە جووەی سوپای فرەنسا بەوە تۆمەتبار دەکرێت، گوایە ناپاکە و سزای کوشتنی بۆ دەردەچێت، (ئەمیل زۆلا) بە بابەتێک، یاخود بە نامەیەک بەرگریی لێ دەکات و بەرگرییەکەی کاردانەوە و کاریگەریی بەرچاوی دەبێت، بگرە ئەوە ڕێگاردێکی گەورە بە ناوی ڕۆشنبیر دەبەخشێت، کە چۆن وەک بوونەوەرێکی ڕەخنەدۆز و یاخی دەتوانێت لە ئاستی دەستەڵاتەکاندا بوەستێتەوە و ئاڕاستەی جیاواز لە هەر کێیسێکدا بهێنێتە کایەوە، کە لە کۆمەڵگەدا دەورووژێت.[١]

بەوەدا چەمکی ڕۆشنبیر ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بە چەمکێکی دیکەوە بەندە، کە ئەویش چەمکی دەستەڵاتە، ئاڵۆزتر بووە، بەوەی ئەو چەمکەیش هەر خۆی خاوەنی پرۆبلەماتیکی گەورەیە. ئەو دوو چەمکە ئەوە بەسەر هەر ڕۆشنبیرێکی ڕەخنەدۆزدا دەسەپێنن، کە تێگەیشتنی تایبەتی خۆی بۆیان هەبێت، وەک بڵێی هەموو ئەوانەی پێشووی بە کەڵک نەیەن. بەم شێوەیە ئەوە ئەو ڕۆشنبیرەیە ناچار دەبێت پێناسەی نوێ بۆ ئەو دوو چەمکە بکات، کە لە لایەک بە قووڵی و ئازارەوە ڕووبەڕووی کۆمەڵگە دەبێتەوە و لە لایەکی دی ئاستی هەموو ئەو پێناسانەی دی تێدەپەڕێنێت، کە پێشتر خراونەتە ڕوو. دەکرێت لەوە ڕوونتر دەربببڕین و بڵێین کاتێ ڕۆشنبیر لەسەر شێوازی تایبەتی خۆی و بە میتۆدی ڕەخنە کۆمەڵگە دەخوێنێتەوە، نایەوێت بە هیچ تێگەیشتن و پێناسەیەکی پێشتر و هیی هاوکاتی خۆی ڕازی ببێت، بەڵکوو تێگەیشتنی دیکە، پێناسەی نوێ و سەربەخۆ دادەهێنێت. کەواتە ڕوانینی هەر

[1] The Power of Language: Emile Zola and the Dreyfus Affair (bookstellyouwhy.com)

ڕۆشنبیرێک بۆ چەمکەکانی (ڕۆشنبیر و دەستەڵات) لە هیی یەکێکی دی جیاوازە و هەر ئەو جیاوازییەیشە پێگەکەی دیاری دەکات. ئەو دوو چەمکەیش بە چەمکێکی دیکەوە پێوەستن، کە کۆمەڵگەیە. ئەوەی کۆمەڵگە دادەپۆشێت، زۆرایەتی(Majority)یە. بەکورتی لەنێوان ڕۆشنبیر و دەستەڵاتدا زۆرایەتییەک هەیە، کە ڕۆڵی گەورە لەو پێوەندییەدا دەبینێت، بگرە تەنیا ئەو زۆرایەتییەیە پێوەندیی نێوانیان دێنێتە ئاراوە، ئینجا ئەو پێوەندییە چ لە شێوەی بەرەنگاربوونەوەدا بێت، چ لە شێوەی خۆبەدەستەوەداندا و چ لە شێوەی دیکەدا.

## زۆرایەتی لەنێوان ڕۆشنبیر و دەستەڵاتدا

کاتێ دەگەینە چەمکی (زۆرایەتی)، ناکرێت خێرا و بە ئاسانی لێی تێبپەڕین، بەوەی لەوێدا کۆمەڵێک پرسیار پێشمان لێ دەگرن، کە گرنگترینیان ئەو دامودەستگەیانە لە خێزان، قوتابخانە، پەرستگەوە تاکوو دەگاتە حیزب چۆنن و لە چ ئاستێکدان، کە ئەو زۆرایەتییە پێوەندیی پێیانەوە هەیە و وزەیان لێ وەردەگرێت؟ کاریگەریی ئەو ڕۆشنبیرە چ لەسەر ئەو دامودەستگەیانە و چ لەسەر ئەو زۆرایەتییەدا چۆنە و بە چ شێوەیەک دەرکەوتووە؟

زۆرایەتی بۆیە زۆرایەتییە، چونکە لە دۆخی جێگیریدایە. لە ئاستێکدا چەقی بەستووە، نە جووڵە و نە ئاڕاستەی جیاوازی هەیە. بە مانایەکی دی زۆرایەتی لەو بوونەوەرانە پێک دێت، کە بە سادەیی لەسەر چەمکە زەقەکانی وەک ئایین، نەتەوە، نیشتمان، خاک، شەرەف و هیی دیکە ڕێکن، بەڵام ئەوانە هێزی کۆمەڵایەتی و سیمبۆلیی گەورە پێک دەهێنن. ئەوانە لە کاتێکدا بەوە

دەناسرێنەوە بە شێوەی شێلگیر (ئیکستریم) دەست بەو چەمکە زەقانەوە دەگرن، بەڵام هاوکات نەک ئارەزوویان نییە لە پێکهاتەیان بکۆڵنەوە و هەڵیانبوەشێننەوە، بەڵکوو لە ئاستی هەر هێزێکی ڕەخنەییشدا دەوەستنەوە، کاتێ بە مەبەستی پرسیار و گومان لێیان نزیک دەبێتەوە. بەکورتی ئەوانە کەمترین شارەزاییان لەبارەی ئەو چەمکانەوە هەیە، کە باوەڕیان پێیان هێناون، بگرە هەر ئەمەیشە وای کردووە هێندە پێیانەوە پێوەست بن.

## زۆرایەتی لە ڕاپەڕینەوە بۆ ئەمڕۆ

لەدوای ڕاپەڕینەوە ئایین، دروستتر ئیسلامگەرایی ئەو زۆرایەتییەی ئێمە دادەپۆشێت و دەبێتە چەترێکی گەورە بۆ سەرجەم چین و توێژە جیاوازەکان، بگرە بۆ هەموو ئاڕاستەکانی بیرکردنەوە و تێڕوانینیش، کە ئامانجی سەرەکیی ئەوەیە تێکڕایان بکاتە یەک و تەباییان لەنێواندا بهێنێتە گۆڕێ. بە مانایەکی دی خۆی هەڵیانبسووڕێنێت و ڕێگە نەدات هیچ ئاڕاستەیەک بە جیاواز و سەربەخۆ لەوانەی دی بجووڵێت. بەم شێوەیە ڕیچوەڵی ئایینی وردەوردە خۆی دەخزێنێتە ناو هەموو کایەکانی وەک سیاسەت، بەڕێوەبردن، میدیا، ئەدەب و بگرە هونەریشەوە، بێ ئەوەی مرۆڤ لەناو ئەم ڕیچوەڵەدا بیەوێت لە پرینسیپەکانی ئەو ئایینە بکۆڵێتەوە و بە دوای وردەکارییەکانیدا بگەڕێت. هێندە هەیە ئایینی بە شێوەیەک لەگەڵ ئەو تێگەیشتنە سادەیەی خۆیدا ڕێک خستووە، کە سەقامگیرییەکەی لێ نەشێوێنێت و ڕووبەڕووی پێکدادانی نەکاتەوە، چونکوو ترسی گەورەی لە هەر هێزێکە ئەو دۆخەی لێ تێک بدات و بیخاتە دۆخێکی دیکەی جیاوازەوە، بۆیە خۆی لەو تاک و گرووپانە دوور

دەگرێت، کاتێ دەیانەوێت بە لای کارێکی وەهادا بچن. بە دەوڵەتی ئیسلامی سەرسام نابێت، ساتێ دەبینێت تێیدا مرۆڤ بەردباران دەکرێت، دەستی دز دەبڕێت، ژن دەکرێتە کەنیزە و لە بازاڕدا دەفرۆشرێت، زیندوو دەسووتێنرێت، جزیە بەسەر کریستیەندا دەسەپێنرێت، ئەزدایی لە ناو دەبرێت و زۆری دی، بە مەرجێ هەموو ئەوانە بە تێکست هەن و بە درێژاییی ئەو مێژووە پراکتیزە کراون، بگرە لە کتێبەکانی خوێندنی فەرمیدا دەخوێنرێن. بە ڕوونی دەبینین داعشییەکان لای ئەو زۆرایەتییە پەسەند نین و بە گێرەشێوێن دادەنرێن. زووتریش کۆمۆنیزمی کرێکاری لەبەر هەمان هۆکار نەیتوانی سەرنجی ئەو زۆرایەتییە ڕابکێشێت.

پێشتر گوترا زۆرایەتی لەبارەی ئەو چەمکە زەقانەوە کەمترین شارەزاییی هەیە، بەڵام دەستبەرداریشیان نابێت، چونکە دەستبەرداربوون خۆی یەکێکە لەو ترسانەی نایەوێت ڕووبەڕوویان ببێتەوە. بە ئاسانی واز لە هیچ باوەڕێک ناهێنێت، کە پێشتر پەسەندی کردووە. دەگەینە ئەوەی بڵێین زۆرایەتیی ئەمرۆمان هەموو شتێک کەڵەکە دەکات. بەم شێوەیە (پیرۆزی) و (کەڵەکەکردن) دوو سیمای سەرەکیی ئەو زۆرایەتییەن. سەرجەم حیزب و لایەنەکانی قەبووڵە. لە یەک کاتدا پارتی و ئیسلامییەکانی دەوێت. یەکێتی و گۆڕانی لا پەسەندە، مادام ئەوانە هەموویان لەژێر چەترەکەدا شوێنیان گرتووە و نابنە هۆی تێکچوونی ئارامییەکەی. ئەو زۆرایەتییە بە جلوبەرگی ڕەنگاوڕەنگ و میوزیکی هەڵپەڕکێوە نەورۆز دەکات و لە ڕەمەزانیشدا بە ڕۆژوو دەبێت. جبەی خەلیجی دەپۆشێت، لەچەک دەبەستێت و پەنا بۆ هەموو تەکنیکەکانی جوانکاری و مەیکەپیش دەبات. دوژمنی سەرسەختی سیکۆلەریزمە و تێکڕای بەرهەمەکانیشی نەک بەکار دەهێنێت، بگرە تاکوو ڕادەی پەرستن خۆشی دەوێن. ژمارەی مزگەوتی بە شێوەی خەیاڵی زیاد

دەکات و لە وڵاتێکی وەک دانمارکیش پتر ئەلکوهوول لە شارەکانیدا دەفرۆشرێت. داتاکانیش بەردەوام ئەوە پێشان دەدەن ئەندامانی ئەو زۆرایەتییەی ئێمە لە سەیرکردنی فیلمی پۆرنۆگرافیدا لە پێشی پێشەوەن.

## لەژێر چەتری زۆرایەتیدا

گوتمان ئەوانە بە سادەیی لەسەر چەمکە گەورەکان ڕێکن، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت تێڕوانینی جیاوازیان نییە. هێندە هەیە ئەو جیاوازییە تەنیا پێوەندیی بە فۆرمی ئەو چەمکانەوە هەیە، نەوەک بە ناوەرۆکیانەوە، بۆیە لێرەدا هەر حیزبێکی سیاسی سوود لەو جیاوازییانە دەبینێت و شوێنی خۆی لایان دەکاتەوە. ئەوەی بزووتنەوەی گۆڕان لەبارەی هەر یەکێ لەو چەمکانەوە دەیڵێت، تەنیا لە شێوەدا لەگەڵ هیی پارتی جیاوازە، دەنا لە ناوەرۆکدا هەمان شتە. هەردوو لایان لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەو باوەڕانەدان، کە لای زۆرایەتی پیرۆزن، بەڵام هەر یەکەی لەسەر شێوازی خۆی، کە لێرەدا هەموو حیزبەکانی دیکەیش وەک گۆڕان و پارتی وان. لەژێر ئەو چەترەدا هیچ شتێک ون نابێت، بەڵکوو شوێنەکەی دەگۆڕێت. لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا بە لێشاو بابەت لەبارەی لاوازبوونی یەکگرتووەوە نووسراون، بەڵام ڕاستییەکەی یەکگرتوو لاواز نەبووە، یان دروستتر بەو شێوەیە لاواز نەبووە، کە ئەوان دەیبینن، بەڵکوو ئەوەیە ناتوانێت لەوە گەورەتر ببێت، بەوەی وەک هەر لایەنێکی دی لەژێر ئەو چەترەدا پێگەیەکی تا ڕادەیەک چەسپاوی هەیە و لەوە تێناپەڕێت. ئەگەر یەکگرتوو بەشێکی ئەندامەکانی لە دەست داون، مانای وا نییە ئەوانە لەژێر چەترەکەدا نەماون، بەڵکوو تەنیا جێگۆڕکێیان کردووە، بەوەی چوونەتە

ناو گۆڕانەوە، یان خۆیان لە ڕیزی سەلەفییەکاندا دۆزیوەتەوە، کە ئەوانیش ئەمڕۆ لای زۆرایەتی خۆشەویستن. بزووتنەوەی گۆڕان خۆیشی فۆرمێکی چەسپاوی وەرگرتووە و بە هەمان شێوەی یەکگرتوو لەوە زیاتر تێناپەڕێت، بگرە پێویستیشی بەوە نییە لەوە زیاتر پەرە بستێنێت. بە مانایەکی دی، هەر لایەنێک لەژێر ئەو چەترەدا سنوورێکی بۆ خۆی کێشاوە، کە نایەوێت بیبەزێنێت، چونکە بەزاندنی سنوورەکە تووڕەبوونی خودی زۆرایەتییەکەی لێ دەکەوێتەوە. مرۆڤ کاتێ سەرنج لە پێوەندیی ئەو حیزبە سیاسییانە دەدات، بە ڕوونی ئەوە دەبینێت، چۆن هەر کاتێ دەگەنە ئاستی تووڕەبوون، خێرا هێمن دەبنەوە و پێکەوە دادەنیشن، بگرە دەگەنە ئەوەی بە شانوباڵی یەکدیدا هەڵبدەن، نەبادا ئەو گرژییە ببێتە هۆی تێکچوونی ئارامیی زۆرایەتی. ئەوەی ئەمڕۆ بە ناوی یاسای سەرۆکایەتییەوە ورووژاوە، لە گەمەیەکی سیاسی بەولاوە، شتێکی دیکە نییە.[٢] هەندێک لە گەرمەی حەڤدەی شوباتدا وایان دەزانی جارێکی دی مەحاڵە گۆڕان، یەکگرتوو و کۆمەڵ لەگەڵ پارتی و یەکێتی ئاشت نابنەوە، وەک چۆن باوەڕیان نەدەکرد ڕۆشنبیران بە لای دامودەستگەی ئەو دوو حیزبەدا بچنەوە، کەچی ڕێک پێچەوانەی ئەمە بینرا. پێشبینی دەکرا یەکێتی لانی کەم شەش ساڵ لەمەوبەر بتوێتەوە و شوێنەواری نەمێنێت، بەڵام ئەمڕۆ ئەویش لەژێر ئەو چەترەدا هەمان ئەو قورساییەی هەیە، کە پێش حەوت ساڵ هەیبوو. ئەو ئەندامانەی لە دەستی داون، هێشتا لەژێر چەترەکەدان. وەک ئەوە وایە هێشتا هیی خۆی بن. بەکورتی ئەو زۆرایەتییە دایکێکی میهرەبانە و هەموو ڕۆڵەکانی خۆی خۆش دەوێت و دەیانپارێزێت، بگرە هەوڵی گەورە بۆ ئەوە دەدات لە دەستیان نەدات.

---

[٢] ئەم باسە لە کاتێکدا پێشکەش کراوە، کە هێشتا کێشە لە پەرلەماندا دروست نەبووە.

# زۆرایەتی وەک زۆنێکی ئاشتەوایی

زۆرایەتیی ئەمڕۆ، دروستتر ئەو زۆرایەتییەی لە نەوەدەکانەوە فۆرمێکی دیاریکراوی وەرگرتووە و تاکوو ئێستایش لەناویدا ماوەتەوە، بەوە لە زۆرایەتیی شەستەکان، حەفتاکان و هەشتاکان جودا دەکرێتەوە، کە وەک پێشتر گوترا لەژێر چەتری ئیسلامیدایە، بەڵام ئەوان لەژێر چەتری نەتەوەیی، چەپگەرایی و لیبرالیدا بوون (لەگەڵ پارێزی زۆرم بۆ هەرسێ چەمکەکە). زۆرایەتیی ئەودەم لە ناوەڕاستی حەفتاکاندا پارتیی هەڵدایە دەرێ، کەچی لە ناوەڕاستی نەوەدەکاندا ئەم زۆرایەتییە هێنایەوە، چونکە لەو کاتەوە زۆرایەتی موڵکی لایەنێکی دیاریکراو نییە، بەڵکوو هیی سەرجەم لایەن و ئاڕاستەکانە. زۆرایەتیی هەشتاکان لە ڕاپەڕیندا بەعسی لە شارەکانی کوردستان بە دەر نا و لەو پێناوەدا ڕووبارێک خوێنی ڕشت، کەچی زۆرایەتیی دوای ڕاپەڕین بە شێوەی ئاشتییانە هێنایەوە. ئەمڕۆ مرۆڤ دەتوانێت بە ئاسانی لە پاڵ حیزبەکانی دیکەدا بەعسیش ببینێت، بگرە دەگاتە ئەوەی لە مێدیای یەکگرتوودا (سەددام حسێن) وەک موجاهیدێکی شەهید پێشان بدرێت، بێ ئەوەی هیچ ناڕەزاییەک لای ئەو زۆرایەتییە دروست ببێت. لە فەیسبۆکدا زووزوو جوانترین وێنەی ئەو سەرۆکە بە قورئانێکەوە دەبینرێت و ئامۆژگاری و گوتە نەستەقەکانی بە زمانی کوردی بڵاو دەکرێنەوە.[٣] دیسان

---

[٣] لە کاتێکدا وا بەم بابەتەدا دەچمەوە، تا بۆ (ژنەفتن)ی بنێرم، هاوڕێیەکم پێم دەڵێت پەیجی (مۆزەخانە و ئەرشیفی پەروەردەی هەولێر) بە سینگی فرەوانەوە یادی ڕۆژی شەهیدی بەعسی کردووەتەوە. لۆگۆکەیان داناوە و نووسیویانە: (لەسەردەمی حیزبی بەعسدا هەموو ساڵێک ڕۆژی١ی ١٢ی هەموو ساڵێک بە ڕۆژی شەهیدی عێراقی ناوئەبرا). خەڵکیش هەر بەو دڵفرەوانییە وەریانگرتووە. کاتێ یەکێک پرسیویەتی چۆنە کارێکی وایان کردووە، ئەم

دەیڵێینەوە، کە زۆرایەتیی هەموو حیزب و لایەنەکان لەژێر ئەو چەترەدا پەیمانیان بەستووە شەڕ بە یەکدی نەفرۆشن. هێندەی حیزب و ڕێکخراوەکان ڕۆڵیان لەوەدا هەبووە زۆرایەتی یەکڕەنگ و هاوئاهەنگ ببێت، بە هەمان شێوە زۆرایەتییش وای کردووە ئەوان بە چەسپاوی بمێننەوە و گۆڕانکاری لە خۆیاندا نەکەن. دیسان جەخت لەوە دەکەینەوە، کە لە ناوەڕاستی نەوەدەکانەوە تاکوو ئەمڕۆ هەموو لایەنەکان یەک سیستێمی بیرکردنەوە و یەک شێوازی ڕاگەیاندن پێڕۆیی دەکەن، تەنانەت گۆڕان گوایە هاتووە ئەو ستایلە بگۆڕێت، بەڵام نەک هەر نەیگۆڕیوە، بەڵکوو لە هەموو ئەوانەی دی زیاتر پابەندی خواستی ئەو زۆرایەتییەیە، بگرە پێی وایە ئەوان کەمتەرخەمن و خۆی لە پێناوی پڕکردنەوەی کەموکووڕییەکاندا تێدەکۆشێت. بەم شێوەیە بایەخی سەرەکیی گۆڕان بۆ زەقکردنەوەی نۆرمی ئایینی و نماییشی کارەکتەری ئایینییە، کە لە نەوەدەکانەوە سیمای زۆرایەتییان پێوە دیارە. هاوکات لەگەڵ دەرکەوتنی بزووتنەوەی گۆڕاندا پێگەی پیاوی ئایینی زۆر بەرزتر دەبێتەوە و لە بوونەوەرێکەوە، کە پێش ڕاپەڕین نەیتوانیوە، یان ڕێگەی پێ نەدراوە لەڕۆڵی ئامۆژگاری زیاتر بگێڕێت (ئەویش لە سنوورێکی تەسکدا)، بۆ بوونەوەرێکی دی دەگۆڕێت، کە بڕیار لەسەر شێوازی حوکمڕانی و بەڕێوەبردن دەدات. واتە دەستەڵاتی پیاوی ئایینی تەنیا لە سنووری کۆمەڵایەتیدا نامێنێتەوە، بەڵکوو دەگاتە ئەوەی دەست بەسەر کەناڵە

---

ڕوونکردنەوەیەیان داوە: (هەموو قوتابییەک و مامۆستایەکی ئەو سەردەمە یادگاری لەگەڵدا هەیە ســاڵێ جارێک لەم ڕۆژە ئەم یادە دەکراوە ئەوەش وەک وێنە و یادگار بەبیر هێنانەوە داماناوە). ڕاستییەکەی لای ئەو زۆرایەتییە هەر شتێک پەسەند دەکرێت، کە نیشانەکانی ئەوی هەڵگرتوون، بۆیە تا ئەم ســـاتەیش بەعس بەشـــێکی دانەبڕاوی ئەم زۆرایەتییەیە. هەر بۆ زانین! کاتێ پێمان دەڵێن فلان کتێب هەزاران دانەی لێ فرۆشراوە، بۆیە نووسەرەکەی داهێنەرێکی مەزنە، ئەوە بەم زۆرایەتییە ساغ کراوەتەوە. واتە ئەو کتێبە تاکە شت نییە، زۆرایەتی پەسەندی کردووە، بەڵکوو لە پاڵیدا زۆری دیکەی وەک خۆی هەن.

گرنگەکانی سیاسەت و فەرمانڕەواییشدا بگرێت، کە ئەمەیش تەواو لەگەڵ خواستی زۆرایەتیدا ڕێکە.

## زۆرایەتی و زمانی ئایدیۆلۆجیی زاڵ

هەمیشە ئەندامانی زۆرایەتی بە زمانی ئەو ئایدیۆلۆجییە دەدەوێن، کە زاڵە، هەتا ئەگەر مەبەستیشیان نەبێت. لە پێش ڕاپەڕیندا هەر ڕستەیەک وشەی هەژاری، برسێتی، جیاوازیی چینایەتی و هیی لەم بابەتەی تێدا بووایە، وا لێک دەدرایەوە لە پێناویسۆشیەلیزم و کۆمۆنیزمدا گوتراوە. ئەمڕۆیش هەر زمانێک توانای تێپەڕاندنی نەبێت، لەژێر چەترەکەدا دەمێنێتەوە و دەبێتە بەشێکی جیانەکراوەی زمانی زۆرایەتی. بە ناوی (یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان)ـەوە تێکستێکی نارەزایی لەبارەی کوژرانی مامۆستایەکی زانکۆوە نووسراوە، بەڵام بە زمانێکی میللی، کە پڕە لەو دەستەواژانەی مرۆڤ لە دەمی پیاوانی ئایینییەوە دەیانبیستێت. تێکستەکە بەم دوو ڕستەیە کۆتاییی پێ هێنراوە: (**نەفرەت لە ئەنجامدەری ئەو تاوانە و جەهەنەم جێگای ئەبەدی بێت**).[٤] لەو کۆمەڵگەیانەی کولتووری زارەکییان تێپەڕاندووە و بایەخی نووسینیان زانیوە، ئەو دەستەواژانە بەکار ناهێنرێن. هەمان دەربڕین لای نووسەرە دیارەکانمان هەن. ڕۆماننووس هەیە لە گفتوگۆدا بەم زمانە دواوە. هەر کەسێکی بە نەفرەت کردووە، کە لەگەڵی هاوڕا نییە.

دەگەینە ئەوەی بڵێین ئەمڕۆ ئێمە لە دۆخێکدا دەژین، کە زۆرینەی تاکەکان بە یەک زمان دەدوێن و یەک بیرکردنەوەیان هەیە. زمانەکە میللی و

---

٤ http://www.chawdernews.com/Direje.aspx?Jimare=12901

بیرکردنەوەکەیش ساکارە. تاکوو کۆتاییی هەشتاکانیش مرۆڤ دەیتوانی بەئاسانی ئاستی زمانی تاکەکان لە یەکدی جودا بکاتەوە و بە ڕوونی جیاوازییەکان ببینێت، بەڵام ئەمڕۆ کارێکی لەم شێوەیە ئەستەمە، بۆیە زمانی ئەندامانی (یەکێتیی مامۆستایان) هەمان زمانی ئەوانەی دیکەیە. سەیر نییە ئەگەر ئەوان بە لایانەوە گرنگ نەبێت ناوی ڕێکخراوەکەیشیان بە دروستی بنووسن.[5] ئەوەیش سەیر نییە، کە لەدوای ڕاپەڕینەوە زمان و نووسین بایەخیان نامێنێت و کەمترین قسەیان لێوە دەکرێت، لە کاتێکدا بە درێژاییی مێژووی فەلسەفە و لینگویستک ئەمانە وەک دوو قورسترین پرسیار خۆیان بەسەر فیلۆسۆف و زمانناساندا سەپاندووە.

لەدوای ڕاپەڕینەوە پرسیاری (تۆ باوەڕداریت، یان بێباوەڕ؟)، دروستتر (تۆ موسڵمانیت، یان کافر) لای زۆرایەتی دێتە ئاراوە، کە مەبەستیەتی بەر لە هەر ڕەگەزێکی شەڕانگێز و جیاواز بگرێت، ئەگەر بیەوێت بە پرسیاری دڵڕەق ڕووبەڕووی ببێتەوە و گومانی لە دڵدا برووێنێت. ئەمە بە گرنگترین پرسیار دەزانێت، چونکە هەمووان لەژێر چەترەکەدا کۆ دەکاتەوە و سنووری نێوان تاکەکان دەسڕێتەوە. دەشێت هەڤاڵێکی پارتی، ئەندامێکی یەکێتی، گۆڕانخوازێک، بانگخوازێکی یەکگرتوو، مەلایەکی کۆمەڵ، کادیرێکی شیوعی و ڕەفیقێکی بەعس پێکەوە کۆ بکاتەوە، کە بێگومان هەر وایشی کردووە. وەک گوترا هەموویان بە سادەیی لەسەر چەمکە گەورەکان ڕێکن، بەڵام لەبارەی فۆرمیانەوە بینینی جیاوازیان هەیە. ئەندامانی زۆرایەتی دوژمنی سەرسەختی کەمایەتین، چونکە لایان ڕوونە ئەوەی ئارامییان لێ دەشێوێنێت، هەر

---

5 ڕاستییەکەی (یەکێتی)ی مامۆستایانە، نەوەک (یەکێت)ی مامۆستایان. (ی)یەک دەتوانێت مانایەک بگۆڕێت.

کەمایەتییە. ئامادەن لە پێناوی سزادانی نووسەرێک، یان هونەرمەندێکدا دەست لە ئیشوکار هەڵبگرن و مانگێک لەسەر شەقامەکاندا دەنگ هەڵببڕن.[٦]

## پێوەندیی نێوان ڕۆشنبیر و زۆرایەتی لە ڕاپەڕینەوە بۆ ئەمڕۆ

ئێستا دەگەینە ئەوەی بپرسین: ئایا ڕۆشنبیرمان لە دوای ڕاپەڕینەوە چۆن لەگەڵ زۆرایەتیماندا ڕووبەڕوو بووەتەوە؟ زۆرایەتیمان توانای جووڵاندنی ڕۆشنبیرمانی هەیە؟ ڕۆشنبیرمان گەیشتووەتە ئەو ئاستەی زۆرایەتیمان بورووژێنێت و ئاڕاستەی نوێی تێدا دروست بکات؟

بەگشتی کۆمەڵگەکان بەر دوو جۆر ڕۆشنبیر دەکەون:

یەکەمیان، ڕۆشنبیرێکی سادەیە و هەمان تێڕوانینی خەڵکی بۆ چەمکەکان هەیە. بە مانایەکی دی ئاستی جەماوەر تێناپەڕێنێت، بۆیە توانای بەرهەمهێنانی نییە و دەبێتە بەشێک لەو زۆرایەتییە. ژمارەیان زۆرە و لە هەموو شوێنێکدا بەرچاو دەکەون. هەمیشە لایەنەگری شتێک و دژی شتێکی دیکەن. زووزوو دەردەکەون و ناسراون، بەڵام هیچ کاریگەرییەکیان نییە. پێوەندیی سەرەکییان بە ڕووداوی ڕۆژانەوە هەیە و کەمتر بە لای شتە شاراوەکاندا دەچن. بەشێکیان دەرچووی زانکۆکان و بەشەکەی دیکەیان ئەماچەرن، واتە ئارەزوویان لێیە ئەرکی ڕۆشنبیر ببینن. لێرەدا گرنگە ئەوە

---

[٦] پرسیاری ئەوەی (مادام حەزیان لە چارەی داعش نییە، بۆچی نایەنە سەر شەقامەکان و لە دژی ناڕەزایی دەرنابڕن؟) زوو ورژێنرا. داعش خۆیشی زۆرایەتییە، بەڵام زۆرایەتییەکی گەڕۆکە. لە ڕووبەڕووبوونەوەی نووسەر و هونەرمەنداندا پێوەرێکی دیکەی جیاوازیان هەیە، چونکە ئەوان تاکن. ئایا تێکستی یەکێ لەو نووسەرانەی فەتوای کوشتنیان بۆ دەرکراوە، خراپترە لەوانەی داعش کردوونی؟

بڵێین، که ئەو ڕۆشنبیره لەبەر ئەوه ساده نییه، دەرچووی زانکۆیه، بەڵام بەگشتی زانکۆکان ڕۆشنبیری ڕووکەش بەرهەم دەهێنن. کاتێکیش هەندێک ڕۆشنبیری دەرچووی زانکۆ ئەم ئاسته سادەیه تێدەپەڕێنن، ئەو تێپەڕاندنه بەرهەمی بیرکردنەوەی خۆیانه.

دووەمیان، ڕۆشنبیرێکی ڕەخنەدۆزه. نه دژه و نه دۆسته، بەڵکوو کەسێکی ڕاڤەکاره. لەوه تێگەیشتووه ئەرکی ڕەخنه تێپەڕاندن و کردنەوەی کەناڵی نوێیه له هەر بابەتێکدا، که ڕووبەڕووی دەبێتەوه. بەوەدا سەرقاڵی پڕۆژەی فکرییه، کەم دەردەکەوێت، بەڵام لەگەڵ هەر دەرکەوتنێکیدا ئایدیای نوێ دەهێنێت و پرسیاری دڵڕەقانه دەورووژێنێت. زمانێکی ئاسانی نییه، چونکه ئاستی تێگەیشتنی جەماوەری تێپەڕاندووه. دەسته‌ڵات و زۆرایەتی خۆشیان ناوێت، بەڵام هەر ئەویشه کاریگەریی هەیه.

کۆمەڵگەی ئێمەیش به شێوەیەک له شێوەکان خاوەنی ئەو دوو جۆره ڕۆشنبیرەیه، بەڵام کاتێ ئەوه دەخەینه بەرچاو، که زمانی ڕۆژانەی هەر کۆمەڵگەیەک ڕۆڵی گەوره له دروستبوونی ڕۆشنبیردا دەگێڕێت، ئەوا دەکرێت بڵێین هەردوو جۆرەکه لاوازن، ئەگەر نەڵێین ئەوەی دووەم هەر دەرنەکەوتووه، بەوەی زمانی ڕۆژانەمان هێشتا هەژاره و له بەرهەمهێنانی ڕۆشنبیری جیاواز و داهێنەردا توانای کەمه. ڕۆشنبیر داهێنانی خۆی لەسەر ئاستی ئەو زمانه دادەمەزرێنێت، که کۆمەڵگه پێی گەیشتووه، بەو مانایەی ئەو ئاسته تێدەپەڕێنێت و مەودا لەنێوان زمانی خۆی و زمانی ڕۆژانەدا دروست دەکات. بەم شێوەیه زمانی ڕۆشنبیری ڕەخنەدۆز نەک هەر هەمان زمانی کۆمەڵگه نییه، بەڵکوو زۆریش باڵاتره. هەتا ئاستی زمانی ڕۆژانەی کۆمەڵگەکەی زیاتر بەرەو سەرەوه هەڵبکشێت، ئەرکی ئەو قورستر، بەڵام ئاستی بەرهەمی بەرزتر دەبێت. کۆمەڵگەیەک له ڕووی گوزەران، خوێندن،

پەروەردە، تەندروستی، ڕێگەوبان، ئاساییش و هیی دیکەوە هەژار بێت، مانای وایە زمانی ڕۆژانەی سادەیە و توانای جوولەی کەمە. ڕۆشنبیری گەورە ئەگەر هاوواتای مرۆڤی یاخی بێت، ئەوە لە کۆمەڵگەیەکدا دەردەکەوێت، کە ئەو بوارانەی لە ئاستی نزمدا نین، چونکە پێوەندییەکی دیاڵیکتیکەڵ لەنێوان دروستکردنی کۆمەڵگە و دروستکردنی ڕۆشنبیردا هەیە. ئەمیان ئەویان دروست دەکات. (کامیۆ) لە (مرۆڤی یاخی)دا بە توندی خەختی لەوە کردووەتەوە. تاکوو ئەمڕۆیش ڕۆشنبیری ئێمە نە توانیویەتی ببێتە مۆدێلێکی وەک ئەو مۆدێلانەی لە جیهاندا هەن، بۆ نموونە مۆدێلی وەک ڕۆشنبیری ئۆرگانیک، ڕۆشنبیری مولتەزیم (کومیتد) و هی دیکە و نە مۆدێلێکی سەربەخۆیشی داهێناوە، بەڵکوو ئەوەی بە زەقی دەبینرێت، ڕۆشنبیری میللییە، کە لێرەدا بە (جاگلەر Juggler) ناوی دەهێنین.

## ڕۆشنبیری جاگلەر

جاگلەر ئەو پاڵەوانەیە، کە یاریی جاگلینگ (Juggling) دەکات. دەتوانێت لە یەک کاتدا و زۆر بە خێرایی چەند شتێک هەڵبدات و هەر جارێ یەکێکیان بگرێتەوە. ئەم هەڵدەداتەوە و ئەو دەگرێتەوە. ئیتر بەم شێوەیە! جاگلەر بە سیستێمێکی نەگۆڕ کار دەکات. هەر گۆڕانکارییەک بەسەر سیستێمەکەیدا بێت، یارییەکەی تێک دەچێت و ڕۆڵەکەی تەواو دەبێت. لای بینەری جاگلینگ ئەو ماتێریەلە هێندە گرنگ نییە، کە جاگلەر بەکاری دەهێنێت، بەڵکوو لێرەدا ژمارە و خێرایی بایەخی زیاتریان هەیە. واتە تاکوو ژمارەی ئەو مەتێریەلانەی هەڵیان دەدات، زۆرتر بێت و خێراتر جێگۆڕکێیان پێ بکات، یارییەکە چاکتر

سەرنج ڕادەكێشێت و زیاتر درێژە دەكێشێت.[7] جاگلەر خۆی لە بنەڕەتدا مرۆڤێكی یاخییە و لە ڕێی هونەرەكەیەوە جۆرێک لە تراجیدیا نمایش دەكات، بەڵام كاتێ ڕۆشنبیر دەیەوێت هەمان ڕۆڵی ئەو لە بواری فكریدا ببینێت، پرۆسێسەكە بۆ كۆمیدیا دەگۆڕێت. بەم شێوەیە ڕۆشنبیری جاگلەر بوونەوەرێكی پەسەندكراوی كۆمەڵگەیە. نەک هەر ڕەخنە لەو نۆرم و بەهایانە ناگرێت، كە خەڵک بە پیرۆزیان دەزانن، بەڵكوو دەیشیانپارێزێت. پێویستی بەوەیە بەردەوام دەربكەوێت و بە زمانی میللی بدوێت. بە پێوەری ویژدان ڕووداوەكان هەڵبسەنگێنێت، چی باشە و چی خراپ؟ ئەو پێوەندییە ئاڵۆزەی نێوان دەستەڵات و ڕۆشنبیری هێندە سادە كردووەتەوە، كە دەیەوێت بڵێت ڕۆشنبیر ئەوەیە زۆر لە مێدیاكاندا دەردەكەوێت، پشتی زۆرایەتییەک دەگرێت و دژی زۆرایەتییەكی دی دەوەستێتەوە، بێ ئەوەی هیچ ئایدیایەكی نوێ بناسێنێت، یان ستایلێكی دیكەی بیركردنەوە دابهێنێت. بەكورتی نە توانا و نە ئارەزووی تێپەڕاندنی هەیە، بۆیە لە ئاستی زمانی خەڵكدا دەمێنێتەوە و بە شێوازێک دەنووسێت، كە هیچ جیاوازییەک دروست نەكات.

دەگەینە ئەوەی بڵێین كۆمەڵگەی ئێمە زۆر كەم ڕۆشنبیری ڕەخنەدۆز و تێپەڕێنەری بەرهەم هێناوە، كە دەكرێت بە دیوەكەی دیكەیشدا بگوترێت ڕۆشنبیرانمان نەیانتوانیوە كۆمەڵگە بهەژێنن و بیكەنە ناوەندێكی بەرهەمهێن. پێوەندیی نێوانیان لەسەر بنەمای ڕازیكردنی یەكدی دامەزراوە، نەوەک لەسەر بنەمای تێكشكاندن و هەڵوەشاندنەوەی بۆچوون و ئاراستەكانی یەكتر.

---

[7] (جاگلەر و جاگلینگ)، ناوی یەكێ لەو چیرۆكانەمە، كە لەپێش ڕاپەڕیندا نووســـیومن. لە كتێبی (ڕاگەردان)دایە.

ڕۆشنبیری جاگلەر، کە بوونەوەرێکی سادەی میللییە، زۆر دوورە لەوەی ببێتە خاوەنی پڕۆژەی فکریی ڕەخنەیی. هەمان تێگەیشتنی سیاسەتمەداری بۆ کێشەکان هەیە، لەبەر ئەوەیشە خۆی لە بواری سیاسەتدا قایم دەکات. یەک دەستەڵات دەناسێت، ئەویش دەستەڵاتی سیاسییە، چونکوو زەقترین دەستەڵاتە، لە کاتێکدا دەستەڵاتەکانی دی لای ئەو نە بوونیان هەیە و نە هیچ کاریگەرییەک. مادام ڕاستەوخۆ و بە زمانی میللی لەبارەی سیاسەتەوە دەدوێت، لای زۆرایەتی خۆشەویستە و ناوبانگی هەیە، چونکە هەر زۆرایەتی سیاسەتمەداری جاگلەریشی لا پەسەندە. زۆرایەتی شێتی ڕۆشنبیری ڕووکەشە، چونکە ئەو قسانە دەکات، کە خۆیشی دەیانزانێت. مرۆڤ لەو کۆمێنتانەی ئەندامانی زۆرایەتی بۆ ڕۆشنبیری جاگلەری دەنووسن، بە ڕوونی دەبینێت چەند ئاسوودەن، کە هەمان بۆچوونی ئەوانی هەیە. ڕۆشنبیری جاگلەر وای کردووە سیاسەت لای زۆرایەتی ببێتە گرنگترین بوار، چونکە لە هیچ بوارێکی دیکەدا ناتوانێت هێندە دەنگ بە دەست بهێنێت و هێندەیش بە ئاسانی بۆچوونەکانی دەرببڕێت. سەیر نییە ئەگەر ئەمڕۆ بواری ئەدەب، فەلسەفە، سایکۆلۆجی، سۆسیۆلۆجی و ئەوانەی دیکە چۆڵ بووبن، کە ئەمە هەر خۆی مانای ئەوەیە ئەوان نە ئەو بوارانەیان ناسیوە و نە بە جیددییش کاریان تێدا کردووە، دەنا بۆچی پێیان وایە ئەمانە توانای گۆڕانکارییان نییە، بەڵکوو تەنیا سیاسەت لە دەستی دێت دنیا بگۆڕێت؟ هەر هێندە گوتاری سیاسی شەقام دەورووژێنێت، زۆرینەی ڕۆماننووس، شاعیر، چیرۆکنووس و ڕەخنەگر کاری خۆیان جێ دەهێڵن و دوای ترۆمپێتی سیاسەتمەداران دەکەون، تاکوو بە هەمان زمانی ئەوان، بگرە هەندێجار نزمتریش بدوێن و بە زۆرایەتی بڵێن ئێمەیش ماوین. خۆ ئەگەر فریای نووسینی گوتار نەکەون، ئەوا پەنا بۆ شێوازی نامە دەبەن، کە بۆ سەرکردە و بەرپرسەکانی دەنێرن

و ئامۆژگارییان دەکەن. هەر ئەوانە دوای ئارامبوونەوەی شەقام، بۆ دنیای ئەدەب و هونەر دەگەڕێنەوە و مرۆڤ دەتوانێت هەندێکیان لە فێستیڤاڵەکاندا ببینێت، ئینجا لەوێ چ خەڵات دابەش بکەن و چ هەر خۆیان وەریبگرن.

ڕۆشنبیری جاگلەر پێی وایە گۆڕانکاری کاتێ دێتە دی، کە بواری سیاسی دەگۆڕێت. ئەمە تێگەیشتنێکە چەند بڵێی ساکارە. ئەوە هەموو بوارەکانی دیکەن سیاسەت ئاڕاستە دەکەن، نەوەک بەپێچەوانەوە. ڕەخنە خۆی بەرهەمی قووڵبوونەوەی ڕۆشنبیرە لەو بوارانەدا. هەر ڕەخنەیشە گوتاری سیاسی دەخاتە ژێر گومانەوە و ناهێڵێت دەستەڵاتی ڕەها پەیدا بکات. ئەوە ڕەخنەیە بواری سیاسی و بوارەکانی دی دەگۆڕێت و بەرەو ئاستی باڵاتریان دەبات، بێ ئەوەی ئەو پرۆسێسە لە خاڵێکدا کۆتاییی پێ بێت. لە هەر کۆمەڵگەیەکدا ڕۆشنبیری ڕەخنەدۆز نەبێت، سیاسەت شوێنی هەموو شتێک دەگرێتەوە و بواری ئازادی تەواو تەسک دەبێتەوە، بگرە هەر نامێنێت، هاوکات ڕۆشنبیری جاگلەر بە شێوەی بەرچاو زۆر دەبن. ئەمڕۆ کۆمەڵگەی ئێمە وەک هەر کۆمەڵگەیەکی دیکەی تەقلیدی خاوەنی ژمارەیەکی یەکجار زۆری ڕەخنەگرە، بەوەی چەمکی ڕەخنە لە کۆنتێکستی خۆی دوور خراوەتەوە و بۆ ئاستی میللی داگیراوە. واتە کراوەتە کارێکی ئاسان، بەڵام ئەوە هەر کۆمەڵگەی ئێمەیشە لە ڕووی بەرهەمی فکری و ڕەخنەییەوە هێندە هەژارە. ئەو چەند نووسەرەیش، کە زۆرایەتی بە گەورەترین ڕەخنەدۆزی خۆمان، بگرە بە گەورەترین ڕەخنەدۆزی دنیایشیان دەزانێت، لە چەند گوتارێکی سادە زیاتریان نەنووسیوە. تێیاندا هەیە هەموو ئەرکەکەی ئەوەیە دۆعا بۆ هەندێک و لە هەندێکی دیکەی بکات.

تێکەڵبوونی ژانرەکان، واتە ڕۆشنبیر لە ئارامیدا ڕۆمان، شیعر چیرۆک و ڕەخنەی ئەدەبی دەنووسێت، بەڵام لە کاتی وروژانی شەقامدا هەموویان

جێ دەهێڵێت و پەنا بۆ گوتاری ئاگراوی دەبات، خەسڵەتی دیاری ئەو کۆمەڵگانەیە وەک هیی ئێمە هێشتا تاکەکانی نەبوونەتە خاوەنی خۆیان، بەڵکوو پابەندی خواستی زۆرایەتین. فیلۆسۆفانی (تیۆریی ڕەخنەیی) لە نموونەی (هۆرکهایمەر)، (ئەدۆرنۆ) و (مارکیوز) پێ لەسەر تێکچڕژانی بوارە جیاوازەکان دادەگرن، بگرە ئەمە لە دیدگەی فەلسەفیدا بە پێویست دەزانن، بەوەی فەلسەفە لەسەریەتی بەرهەمی ئابووریناس، مێژووناس و دەروونناسان لە داڕشتنی پرسیاردا پێکەوە ببەستێتەوە، کە هەموو ئەمانە وا دەکەن ڕەخنە کاریگەرتر ببێت[٨]، بەڵام لای ڕۆشنبیری جاگلەر شتەکە تەواو جیاوازە، چونکوو ئەو بە شێوەی کیریۆسیتی، واتە زۆر ڕووکەشانە لەبارەی ئەو ڕووداوانەوە دەنووسێت، کە شەقام بە گرنگیان دەزانێت، بێ ئەوەی هیچ پرسیارێکی نوێ بورووژێنێت.

زۆرایەتیی ئەمڕۆ دەرگەی بۆ هەر ڕۆشنبیر و سیاسەتمەدارێک کردووەتەوە، بە مەرجێ ئەو نیشانانەی پێوە دیار بێت، کە حەزی لێیانە و نابنە هۆی تێکچوونی دۆخە ئارامەکەی. واتە کاتێ پەسەندیان دەکات، کە دەبنە جاگلەر و دەزانن چۆن جاگلینگ بکەن. وای لێ هاتووە بۆ ئەوەی مرۆڤ بە نووسەرێکی داهێنەر، یان سیاسەتمەدارێکی گەورە بزانرێت، هێندەی بەسە لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا زووزوو دەربکەوێت و وێنەی جاگلەرێکی شارەزا تۆپەکان لە هەوادا بخولێنێتەوە. ڕۆشنبیری ڕەخنەدۆز و تێپەڕێنەر بەرگری لە باوەڕی زۆرایەتی ناکات، بەڵام لە پێناوی مافەکانیدا تێدەکۆشێت، لە کاتێکدا ڕۆشنبیری جاگلەر بە باوەڕەکەیدا هەڵدەڵێت، کەچی مافەکانی لا گرنگ نییە، بەڵکوو تەنیا وەک تۆپ هەڵیاندەدات. زۆرایەتی خۆیشی ئەوەی بە لایەوە

---

[٨] محمد نور الدين افايه، الحداثه والتواصل في الفلسفه النقديه المعاصره نموذج هابرماس، افريقا الشرق، بيروت، لبنان، ١٩٩٨ الطبعه الثانيه، ص١٨

گرنگە، هەڵدانی تۆپەکەیە، نەوەک بەدەستهێنانی مافەکانی. لایەنی سیاسی هەیە بەڵێنی بە ئەندامانی زۆرایەتی داوە، ئەگەر پشتی بگرن، دەستکاریی سروودی (ئەی ڕەقیب)یان بۆ دەکات. ئەمە بەشێکە لە داخوازییەکانی زۆرایەتی و حیزبیش وەک دەستکەوتێکی گەورە پێی دەفرۆشێتەوە، بێ ئەوەی هیچ لایەکیان لەوەدا ڕژد (جیددی) بن. واتە نە ئەم دەیهێنێتە دی و نە ئەویش دەیەوێت بێتە دی، بەڵکوو تەنیا وەک یەکێک لە تۆپەکان لێی دەڕوانن. لە پێشەوە گوترا زۆرایەتی حەز ناکات لە پێکهاتەی شت بکۆڵێتەوە. نووسەر هەیە لانی کەم پانزدە ساڵە لەبارەی دەستەڵاتەوە دەنووسێت، جنێوی پێ دەدات و بە نەفرەتی دەکات، بێ ئەوەی یەک جاریش گوتبێتی دەستەڵات چییە، بەڵکوو پێی وایە دەستەڵات بریتییە لە کەسانێکی دیاریکراو و ئەوانە هۆکاری نادادپەروەری و گەندەڵین، کەچی وەک ڕووناکبیری گەورە ناسراوە، مادام بە زمانی زۆرایەتی دەدوێت و خۆی لەو شتانە نادات، کە دەبنە هۆی تێکچوونی ئارامییەکەی. بەم شێوەیە چەمکی دەستەڵات، کە بۆ نموونە لای فیلۆسۆفێکی وەک (میشێل فۆکۆ)دا ئاڵۆزترین و قورسترین چەمکە، بگرە دەگاتە ئەوەی سەرجەم تەمەنی بۆ تەرخان بکات و هێشتا فریای ناکەوێت، کەچی لای ڕۆشنبیری جاگلەردا دەبێتە یەکێک لە شتە هەر ئاسان و سادەکانی سەر ئەم زەمینە. هێندە بیرکردنەوە و دەربڕینی ئاسان کردووەتەوە، بە ڕادەیەک ڕووناکبیری ئەرکێکە وەک هەر ئەرکێکی دیکەی سادە و هەموو کەسێک دەتوانێت لە ئەستۆی بگرێت، بە مەرجێک وریای خۆی بێت بە لای بیرکردنەوەی قووڵ، خوێندنەوە، کتێب، تەنیایی، ڕەخنەی دڵڕەق و شتی دیکەی لەم بابەتەدا نەچێت، بەڵکوو بە زمانی خەڵک بدوێت و زووزوو ئەو شتانەیان بە بیر بێنێتەوە، کە خۆیان دەیانزانن. پێشتریش گوتمان ئەمە وای کردووە ژمارەی ڕۆشنبیر لە زۆربووندا بێت. هەمیشە کۆمەڵگە

سەرەتاییەکانی وەک هیی ئێمە، ئەوانەی پشت بە کولتووری زارەکی دەبەستن و بایەخی نووسینیان نەزانیوە، خاوەنی زۆرترین ژمارەی ڕۆشنبیرن. ئەوەی ئەمڕۆ بە ڕوونی دەرکەوتووە، ئەوەیە، هەتا ژمارەی ڕۆشنبیر زیاتر بەرەو سەرەوە هەڵبکشێت، ڕێژەی خوێندنەوە دادەبەزێت و کتێبخانەکان داهاتیان کەمتر دەبێتەوە، دەگاتە ئەوەی هەندێکیان کرێی شوێنەکەیان بۆ نەدرێت. نکووڵی لەوە ناکرێت ئێمە ئەمڕۆ خاوەنی ژمارەیەکی یەکجار زۆری ڕۆشنبیرین. گەیشتووەتە ئەوەی هەر لایەنێکی سیاسی کاتێ بۆ پشتگیریی پڕۆژەیەکی خۆی پێویستی بە ڕۆشنبیر بێت، لە ماوەیەکی کورتدا، بێ ئەوەی هیچ زەحمەتێک بکێشێت، هەزارانیان کۆ بکاتەوە. ئەمە تایبەت نییە بە پارتی، بەڵکوو هەموو لایەنەکانی دیکەیش کردوویانە. ئەو ڕۆشنبیرانەی لە سەرەتاوە، دروستتر لەدوای ڕاپەڕینەوە وەک ڕووناکبیر خۆیان ناساندبووو، گوایە پڕۆژەی گەورەی فکری و فەلسەفییان هەن، ئەمڕۆ چ لە ڕۆژنامەی حیزبەکان و چ لەو ڕۆژنامانەی، گوایە سەربەخۆن، بوونەتە ڕۆژنامەنووسی زۆر سادە، چونکە ئەمە ئاسانترین ڕێگەیە، تاکوو لای زۆرایەتی خۆشەویست ببن. لەگەڵ زۆرایەتیدا زمانێکی هاوبەشی پێک هێناوە، کە بە ئاسانی لە یەکدی دەگەن. زۆرایەتی هێندەی بەسە تیۆریی پەرەسەندن (ئیڤەلویشن)ی (داروین) بە چەند وشەیەکی وەک (چۆن ڕازی ببین بە نەوەی مەیموون دابنرێین؟) بسڕێتەوە، لە کاتێکدا ئەو تیۆرییە نەیگوتووە بنەچەی مرۆڤ مەیموونە، یان سەرتاپێی سیکۆلەریزم، کە خۆی بە عەلمانییەت ناوی دەبات، لە کوفر و بەدڕەوشتیدا کورت بکاتەوە، بگرە سەرجەم فکری دنیا لە کۆمێنتی ژێر گوتاری ڕۆژنامە ئێلیکترۆنییەکاندا بە ورێنە بزانێت، بێ ئەوەی چ لە دوور و چ لە نزیکەوە بە لایاندا تێپەڕیبێت. هەم ڕۆشنبیری جاگلەر و هەم سیاسەتمەداری جاگلەریش سوود لەو دۆخە دەبینن، چونکە ئەوان

ترسیان لە هیچ دەمێک نییە، کە بە پرسیاری نوێ ڕووبەڕوویان نابێتەوە. هەردووکیان لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی ڕابردوودا فێری هونەرێک بوونە، کە دەکرێت ناوی (هونەری خوگۆنجاندن لەگەڵ زۆرایەتیدا)ی لێ بنێین. لەوەدا هاوپەیمانن چۆن لە ڕێگەی هەندێک چەمکی ڕەوشتبازییەوە هەرچی ئارەزووی یاخیبوون هەیە لە مرۆڤیدا بکوژن و بیکەنە کۆیلە. (نیتشە) لە کتێبی (ئاوابوونی بتەکان)دا ڕەخنە لە کەنیسە دەگرێت، کە هەوڵی لەناوبردنی هەوەس و غەریزە دەدات، لە کاتێکدا ڕیشەکێشکردنی هەوەس مانای ڕیشەکێشکردنی خودی ژیانە. گوتە ناسراوەکەی (مەسیح) دەهێنێتەوە: (ئەگەر چاوت بەرەو گوناهـ پەلکێشت دەکات، دەریبهێنە)، بۆیە پێی وایە ڕەوشت دژی سروشتە، بگرە ئەمە دەکاتە یەکێک لە تایتڵەکانی کتێبەکەی.[٩] بەگشتی (نیتشە) لەو کتێبەیدا ڕەخنەی گەورە لە تێکڕای ئەوانە دەگرێت دەیانەوێت لە ڕێگەی ڕەوشتبازییەوە سروشتی مرۆڤ بکوژن و کۆیلەی بکەن، بۆیە وەک پارادۆکس بە (بەدڕەوشتە ناشیرینەکان) ناویان دەبات. بەم شێوەیە پێی وایە (هەموو لە دژی لەناوبردنی هەوەسدا پەیمان دەبەستن).[١٠] بۆ نموونە ئەو نووسەرە میللییانە، یاخود ئەو ڕۆشنبیرە جاگلەرانە لە هەندێک ماڵپەڕی دەرەوەی کوردستاندا دەیانگوت پارتی پارکی کردووەتەوە، بۆ ئەوەی بەدڕەوشتی لە کۆمەڵگەدا بڵاو بکاتەوە، بەڵام کاتێ بۆیان دەرکەوت ئەو زۆرایەتییە بە جلوبەرگی ئیسلامییەوە دەچێتە پارکەکان و مانا ئۆرگیناڵەکەی پارکی تەواو گۆڕیوە، بگرە شوێنی خواپەرستیی تێدا کردووەتەوە، بۆ ئەوەی یەک نوێژی نەچێت، بە مانایەکی دی وای ڕێک

[٩] فردریک نیتشـــە، افول الاصـــنام، ترجمە حســـن بورقیە ومحمد الناجی، افریقیا الشـــرق، الطبعە الاولی، ١٩٩٦، ص٣٥

[١٠] هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕە.

خستووه لەگەڵ تێگەیشتنی خۆیدا بگونجێت، ئەودەم ئەو تۆپەیان فڕێ دا و دانەیەکی دیکەیان هەڵگرت[11]. بەڕێوەبەرانی ڕۆژنامەی (....)ی دەنگی بزاڤێکی گۆڕانخوازی ئیسلامی تەنیا ڕۆژێک دوای هاتنی داعش بۆ مووسڵ ڕیپۆرتاژێک ئامادە دەکەن و ڕایدەگەیەنن ئەو شارە بووەتە بەهەشت. بازاڕ هەیە و کەس دەستی لێ نەدراوە، چونکە وا دەزانن زۆرایەتیی هەرێمی کوردستان ئەوەی دەوێت، بەڵام کاتێ بۆیان دەردەکەوێت ئەمە ئەو ڤێرژنە نییە لەوێدا زۆرایەتیی لەگەڵە، بەڵکوو ڤێرژنێکی تری نزیکی ئەوەیە، ئینجا خێرا زمانی خۆیان دەگۆڕن و بە شێوەیەکی دی دوای ڤێرژنە پەسەندکراوەکە دەکەون.[١٢] جیاوازیی داعش لەگەڵ حیزبە ئیسلامییەکانی حوکوومەتی هەرێمدا، ئەوەیە، ئەم هەموو تۆپەکانی فڕێ داوە و تەنیا ئەوەیانی هێشتووەتەوە، کە ناوی خیلافەتە، بەڵام ئەوان دوای ئەوەی چوونەتە ناو پەرلەمانی کافریش، وازیان لەوە نەهێناوە بە خەڵک بڵێن ئامانجیان گەڕاندنەوەی خیلافەتە، چونکە چاک دەزانن ئەندامانی ئەو زۆرایەتییە لەوە دەگەن ئەمە تەنیا هەڵدانی تۆپەکەیە، دەنا کاری وایان لێ ناوەشێتەوە.[١٣]

---

[11] دەکرێت خوێنەر ئەو بابەتەم بخوێنێتەوە، کە لەژێر ناونیشـــانی (کێ شـــار دادەمەزرێنێت؟ فریشـتە، یان ئیبلیس؟)دا نووسـراوە و لە (دەنگەکان) و لە (ماڵێک لە ئاسـمان)دا بڵاو کراوەتەوە. لەوێدا باس لەوە دەکرێت چۆن زۆرایەتی کاتێ بەر هەر شـتێکی نوێ دەکەوێت، وەک شـەیتان لێی دەڕوانێت و دواتر وردەوردە بۆ فریشـــتەی دەگۆڕێت، بەو مەبەســـتەی هیچ گۆڕانکارییەک نەهێنێتە کایەوە. ئەمانە لینکەکانین:
http://www.dengekan.info/dengekan/gshty/20808.html

http://www.hemin.dk/mla/node/575

[١٢] لەبەر ئەوەی لە ماڵپەڕەکەیاندا بۆ نەدۆزرایەوە، تاکوو وەک سەرچاوە ئاماژەی پێ بدەم، بۆیە ناوی ڕۆژنامە و لایەنەکەم نەنووسـیوە. لە کاتی خۆیدا ئەو ڕاپۆرتە سـاختەیەم خوێندووەتەوە. هەندێک هاوڕێیشم خوێندوویانەتەوە و لە بیریان ماوە.

[١٣] بە بڕوای من حیزبە ئیســـلامییەکان تەنیا گۆڕان، کۆمەڵ، یەکگرتوو و بزووتنەوە نین، بەڵکوو پارتی و یەکێتییش هەمان تێڕوانینی ئەوانیان بۆ حوکمڕانی و بەڕێوەبردن هەیە. لام ڕوونە ئەگەر (دەوڵەتی ئیســـلامیت دەوێت، یان دەوڵەتی ســـیکۆلەر؟) لەناو بەرپرس و ئەندامانی سەرکردایەتیی یەکێتیدا بخرێتە دەنگدانەوە، یەکەمیان زۆر لە دووەمیان زیاتر دەهێنێت. لە ماوەی

هەروەها داعش خاوەنی هێزێکی گەورەتر و زۆرایەتییەکی فراوانتریشە، بۆیە توانای هەیە ڕاشکاوانەتر بۆچوونەکانی دەرببڕێت و پێویستی بە تەقیە نییە. حیزبی ئیسلامی هەیە تاکوو دووانزدە ساڵ لەمەوبەر گوتوویەتی پەرلەمان شوێنی کافرانە، کەچی کاتێ زانیویەتی بەم شێوەیە زۆرایەتی لە دەست دەدات و توانای ئەوەیشی نییە وەک داعش قەوارەیەک دابمەزرێنێت، ئەودەم چووەتە پەرلەمان، بەڵام وەک گوترا هەوڵی داوە لە شەیتانەوە بۆ فریشتەی بگۆڕێت.[١٤] کەواتە چ سیاسەتمەداری جاگلەر و چ ڕۆشنبیری جاگلەر بۆ ئەوەی زۆرایەتی لە دەست نەدەن، پێویستە خۆیان لەوە بپارێزن بە ڕوونی بۆچوونەکانیان دەرببڕن و ئەوەیش گرنگە لە یەک کاتدا کۆمەڵێک تۆپ بە دەستەوە بگرن، بۆ ئەوەی لانی کەم لە ڕێی یەکێ لەو تۆپانەوە پێیان بڵێن پێوەندییان پێیانەوە ماون و لێیان دانەبڕاون. خەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە، کە ڕۆشنبیری جاگلەر و سیاسەتمەداری جاگلەر بۆ ئەوەی لە زۆرایەتی دانەبڕێن، پێویستە لە ئاستی ئاماژەداندا بوەستن و نەچنە ناو وردەکارییەوە. کاتێ سەرکردە و کادیرانی بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێن، بگرە هاوار دەکەن بە هیچ شێوەیەک لە سەوابتی ئیسلام لا نادەن، خۆیان لە وردەکارییەکان دەپارێزن و پێیان ناڵێن مەبەستیان لە سەوابت چییە، چونکە هەر کاتێ ئەوەیان گوت، ئەوا ئەو زۆرایەتییە لە دەست دەدەن. ئایا ئەگەر بڵێن لە سەوابتی وەک بەردبارانکردنی ژنی مێرددار و پیاوی ژنداری (زیناکەر!)، بڕینی دەستی دز، کوشتنی ئەوانەی

---

ئەو چەند ساڵەی ڕابردوودا بابەتی هەندێک نووسەرم خوێندووەتەوە، کە سەرەتا وام زانیوە ئەندامی حزبە ئیسلامییەکانن، کەچی دواتر بۆم دەرکەوتووە مووچەخۆری پارتی و یەکێتین و بە یارمەتیی ئەوانیش بڕوانامەی بەرزیان لە زانکۆکاندا وەرگرتووە.

[١٤] دەکرێت خوێنەر جارێکی دیکە بۆ ئەو بابەتەم بگەڕێتەوە، کە لەژێر ناونیشانی (کێ شار دادەمەزرێنێت؟ فریشتە، یان ئیبلیس؟)دا نووسیومە:
http://www.dengekan.info/dengekan/gshty/20808.html

واز لە نوێژ دەهێنن (تارک الصلاة) و شتی لەم بابەتە لا نادەن، دەتوانن لە پەرلەماندا، بگرە لەناو خودی کۆمەڵگەیشدا بمێننەوە و وەک داعش نەکرێنە دەرەوە؟ کەواتە ئەمڕۆ بەلاڕێدابردنی هزری ( Intellectual prevarication) یەکێکە لە پێداویستییەکانی هەر سیاسەتمەدار و ڕۆشنبیرێکی جاگلەر، بۆ ئەوەی لەناو زۆرایەتیدا شوێنی خۆی بگرێت و خۆشەویست ببێت.[15]

سەرەتا لە بڵاوکراوەکانی (ڕەهەند)دا نەک هەر لایەنگری بۆ پیاوانی ئایینی بەرچاو ناکەوێت، بەڵکوو پێچەوانەی ئەمە دەبینرێت، بەوەی هێشتا کۆدەکانی ئەو زۆرایەتییەیان نەدۆزیوەتەوە و نەیانزانیوە چۆن پەسەند دەکرێن. لە لایەکی دیکە تاکوو سەرەتای نەوەدەکانیش ئایدیۆلۆجیی چەپ، نەتەوەیی و لیبراڵ زاڵ بوون و دواتر وردەوردە هەموو شتێک کەوتە ژێر چەتری ئایینەوە، کە ئەودەم وەک ئەمڕۆ چ ڕۆشنبیر و چ سیاسەتمەدار نەیاندەتوانی

[15] لە کەناڵی (KNN)دا زووزوو ڕاپۆرت لەبارەی (ئەردۆگان) و (ئاکەپە)وە پەخش دەکرێت و ڕەخنەی توندیان لێ دەگیرێت. بینەرێک ئەگەر یەکەمجاری بێت ئەو کەناڵە ببینێت، نازانێت هیی بزاڤێکی ئیسلامییە و سەرکردەکانی بەردەوام جەخت لەسەر (سەوابت) دەکەنەوە، بەڵکوو وا تێدەگات هێزێکی سیکۆلەری لە پشتەوەیە. هۆکارەکەی تەنیا ئەوەیە بە ڕوونی دەرکەوتووە پێوەندیی (ئەردۆگان) و پارتی گەیشتووەتە ئاستێک، کە تێکڕای ئەوانەی دوێنێ لە هەرێمی کوردستاندا بە ئاشکرا پڕوپاگەندەیان بۆ ئەو خەلیفە عوسمانییە دەکرد، ئێستا خراونەتە پەراوێزەوە، بەوەی پارتی خۆی هەمووانی بە لاوە ناوە و خۆی شوێنی گرتوونەتەوە. سەیر ئەوەیە زۆرینەی سەرکردە دیارەکانی گۆڕان، کە ئیخوانین و ئەمڕۆ وەک نەیار لە (ئەردۆگان) دەڕوانن، مادام هاوپەیمانی پارتییە، دروستتر پارتیی گرتووەتە خۆی، تاکوو دوێنێ خۆیان ئەو ئەرکەیان لە ئەستۆ دەگرت. دەمەوێت بڵێم ئەوانە کاتێ زۆرایەتییەک لە دەست دەدەن، پێویستە زۆرایەتییەکی دی بە دەست بهێنن. بەم شێوەیە گۆڕانیش وەک پارتی پێویستی بە زۆرایەتییەکی ئیسلامی هەیە، تاکوو ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە. هاوکات دەبێت هەندێک تۆپی دیکە بە دەستەوە بگرێت. کەواتە ئەوەیش سەیر نییە ئەگەر ئەمڕۆ لە کەناڵی ئەو کۆنەئیخوانییانەی ناو گۆڕاندا باس لەو زوڵمە بکرێت، کە کوردی باکوور و ڕۆژئاوا ڕووبەڕووی بوونەتەوە، مادام کەناڵی (ڕووداو) تەرخانە بۆ پێداهەڵدانی (ئەردۆگان) و بێنرخکردنی هەر دەنگێک، کە لە دژی خەلیفە ) ئەگەر چاوەڕێ بکات ڕاپۆرتەکە تەواو ببێت، ئەوا بەر KNNبەرز دەبێتەوە. ئەو بینەرەی ( کۆمەڵێکی دیکە دەکەوێت، کە هەموویان جەخت لەسەر ئیسلامەتیی بزووتنەوەی گۆڕان دەکەنەوە.

بەئاسانی شوێنی خۆیان لەناو ئەو جیاوازییەدا بگرن. بەم شێوەیە ڕۆشنبیرانی (ڕەهەند) دەستەواژەی وەک پیاوسالاری، خێڵەکی، ئیلیت، دۆگما، تازەگەری، سیکۆلەریزم، دەستەڵاتی پیاوانی ئایینی و زۆری دیکەی هاوشێوەی ئەمانەیان بەکار دەهێنا، کە ئاماژەیان بەوە دەدا ئەوان دەیانەوێت ڕەخنە لە زۆرایەتی بگرن، بێ ئەوەی تێیاندا قووڵ ببنەوە، بەڵام دواتر وردەوردە دەستەواژەی ئایینی شوێنیان گرتنەوە، یان دروستتر ئەو دەستەواژانە شوێنیان گرتنەوە، زۆرایەتی پێیان ڕازین، بەتایبەتی لەگەڵ حەڤدەی شوباتدا، کە گەیشتە ئەوەی بانگ بدەن. ئەگەر نووسەرانی (ڕەهەند) نەچوونایەتە ناو خەڵک، لە ڕۆژنامە و گۆڤاری حیزبەکاندا بەرهەمیان بڵاو نەکردایەتەوە، لە تیڤییەکانیاندا دەرنەکەوتنایە، بەم شێوەیە نەدەناسران. کاتێ زۆردەرکەوتن پێوەرە بۆ ئەوەی مرۆڤ ڕۆشنبیرێکی گەورە بێت، ئەوا زمانی میللی فریای دەکەوێت. بەوەدا ئەو ڕۆشنبیرانە بە زمانی خەڵک دەنووسن و هەمان تێگەیشتنی ئەوان لە ڕێی وەسفەوە دادەڕێژنەوە، ساڵانە چەند کتێبێک چاپ دەکەن، لە کاتێکدا فیلۆسۆف و ڕەخنەدۆزانی دەرەوەمان بە درێژایی تەمەنیان هێندەی چوار ساڵی یەکێ لەو ڕۆشنبیرانەیان نەنووسیوە. زمانی هەر یەکێ لەو ڕۆشنبیرانە ڕۆژبەڕۆژ سادەتر بووەتەوە، تاکوو گەیشتووەتە ئەوەی هەر نووسەرێکی دیکەی ئاسایی بتوانێت وەک ئەوان بنووسێت و نووسیویشیانە. ئەو ڕۆشنبیرە نەک هەر ڕەخنەی لە (ئێستا) نەگرتووە و هەوڵی تێپەڕاندنی نەداوە، بگرە هەموو شتەدژبەیەکەکان (Contradiction)ی ئایین و سیاسەتی لە خۆیدا هەڵگرتووە و بە زمانی

میللی بەرگرییان لێ دەکات، بگرە بەردەوام لەو ڕێگەیەوە هەوڵی گەورەکردنی ناوبانگی خۆی دەدات.[١٦]

## بەرەی ڕۆشنبیری جاگلەر و سیاسەتمەداری جاگلەر

دەگەینە ئەوەی بڵێین چ ڕۆشنبیری جاگلەر و چ سیاسەتمەداری جاگلەر دوای زۆرایەتی دەکەون، نەوەک بەپێچەوانەوە، کە هەندێجار بۆچوونەکان کورت دەهێنن و خێرا ڕاست دەکرێنەوە. بەشێک لەو ڕۆشنبیرانەی لەناو ئایینەوە هاتوون، زۆر زیاتر لەو ڕۆشنبیرانەی زۆرایەتی بە گەورەیان دەزانێت، هەوڵیان داوە ڕەخنە لە دیاردە و دەرکەوتەکانی ئایین بگرن.

هەندێک لەو جاگلەرانە پێشبینییان دەکرد لە دوای سی و یەکی ئابەوە پارتی دەکەوێت و تا ماوە هەڵناستێتەوە، بۆیە بەردەوام بە زمانی میللی لەبارەی ئەو ڕووداوەوە دەیاننووسی، بەڵام پارتی بە هێزێکی گەورەترەوە دەرکەوتەوە، بگرە ئەوانەی پێشبینیی ڕووخانیان دەکرد، بە سوپاسەوە لە دامودەستگەکانیدا وەک موچەخۆری گوێڕایەڵ دامەزران و لە ئۆرگانەکانیدا گوتاریان بۆ نووسیی، بێ ئەوەی دەست لە جاگلینگ هەڵبگرن. هەندێک جاگلەری دیکە لە ماڵپەڕەکانی دەرەوەی کوردستاندا گوتیان ئێمە هێندە جوێن بە پارتی دەدەین، تاکوو لای خەڵک ناشیرینی دەکەین و ئەنجام دەیڕووخێنین،

---

[١٦] لێرەدا بە هیچ شـــێوەیەک مەبەســـتمان نییە هەموویان وەک یەک ببینین، بەڵکوو هێشـــتا جیاوازییەک لەنێوان ئەمیان و ئەویاندا هەســـــت پێ دەکرێت. تێیاندا هەیە لای خوێنەری سـەرەتاییش لەوە دەرچووە بەرهەمەکانی، چاکترە بگوترێت گوتەکانی شـتی نوێیان تێدا بێت، لە کاتێکدا هەر بۆ نموونە (فارووق ڕەفیق)، کە لە حەڤدەی شـــوباتدا تەواو بۆ ئاســـتی میللی دادەبەزێت، بەڵام خێرا بە ئاگا دێتەوە و گۆڕانکاری لە خۆیدا دەکات. ئەمەیش پرۆســـێســـێکی ئاســـاییە، کە ڕەخنەدۆزان هاوکاتی هەر ڕووداوێک بە چەمکەکانیاندا دەچنەوە و هەوڵ دەدەن ئاستی تێگەیشتنی خۆیان تێبپەڕێنن. لێرەدا (هیگڵ) نموونەیەکی دیارە.

بەڵام دوای پانزدە ساڵ هێشتا بۆیان نەکراوە، چونکە ئەو زۆرایەتییە ئەمڕۆ ئامادە نییە دەست لە هیچ شتێکی خۆی هەڵبگرێت. بزووتنەوەی گۆڕانیش هەمان بۆچوونی بۆ ڕووخاندنی پارتی هەبوو، گوایە لە ڕێی ئاشکراکردنی نهێنییەکانیەوە بێهێزی دەکات و دواتر لە ناوی دەبات، بەڵام ئەویش هەر زوو ئاراستەکەی گۆڕیی، بەوەی لەگەڵ ئاراستەی زۆرایەتیدا نەدەهاتەوە. چ ئەو نووسەرانەی جوێنیان دەدا و چ گۆڕانیش توانییان لای ئەو زۆرایەتییە بناسرێن و پەسەند بکرێن، بەڵام بێ ئەوەی ئەمە بگاتە ئەوەی پارتی لاواز ببێت، چونکە وەک گوترا ئەو زۆرایەتییە هەموو شتێک کەڵەکە دەکات، بە مەرجێ سیمای ئایینیی پێوە بێت. پێشتریش گوترا هیچ ڕەگەزێکی دی وەک ئایین ناتوانێت خاڵی هاوبەشی ئاراستە جیاوازەکان بدۆزێتەوە و لە یەکدییان نزیک بکاتەوە، بگرە لەناو یەکدیاندا بتوێنێتەوە.

ڕەنگە سیویەکی ئاب نموونەیەکی زەق بێت بۆ ئەوەی بڵێین ڕۆشنبیری جاگلەر، کاتێک کێیسێک وەک تۆپ هەڵدەگرێت و جاگلینگی پێ دەکات، بۆ ئەوەی نییە لەو ڕێگەیەوە ڕەخنە بگرێت و ئایدیای نوێ بهێنێت، بەڵکوو تەنیا مەبەستیەتی وەک یاریکەرێکی لێهاتوو بەردەوام لە بەرچاو بێت و لە بیر نەچێتەوە، چونکە ئەو بەرگەی هەموو شتێک دەگرێت، بەڵام هیی ئەوە نا لە بەرچاوان ون ببێت و لە بیر زۆرایەتی بچێتەوە. گرنگە ئەوەیش بزانین، کە دەبێت جاگلەر زووزوو ئاڵوگۆڕ بە مەتێریالەکانی بکات. واتە ڕەنگ، شێوە و قەبارەی تۆپەکانی بگۆڕێت و لە فۆرمی دیکەدا پێشانیان بداتەوە، چونکە بێزاری یەکێکە لە سیماکانی زۆرایەتی و شێتی گۆڕینی فۆرمی شتومەکە، وەک چۆن کەلوپەلی ناوماڵ، جلوبەرگ، ئۆتۆمۆبیل و شتی دیکەیش هەر بەم شێوازە دەگۆڕێت. تاکوو چەند ساڵێک لەمەوبەریش ئەگەر خوێنەر تەنیا ژمارەی سی و یەک (٣١) و وشەی (ئاب)ی لە هەر شوێنێکدا بدیایە، بە

پەرۆشەوە دەیخوێندنەوە، بەڵام ئەمڕۆ ئەو ئارەزووەی نەماوە، بۆیە پێویستە ڕۆشنبیری جاگلەر تۆپێکی دیکە بهێنێت، وەک تۆپی دەستوور، هیی یاسای سەرۆکایەتی و شتی لەم بابەتە. بۆ ڕۆشنبیر هیچ گرنگ نییە ئەو ڕووداوە چ سوود و زیانێکی هەیە، بەڵکوو وەک پێشتر گوترا گرنگ ئەوەیە بیکاتە تۆپ و هەڵیبدات. هەندێک لەو جاگلەرانە لە گەرمەی ڕووداوەکانی حەڤدەی شوباتدا پەلاماری هەر ڕۆشنبیرێکیان دەدا، ئەگەر ملی بۆ خواستەکانی زۆرایەتی کەچ نەکردایە. بەوە تاوانباریان دەکرد، گوایە سەر بە پارتی و یەکێتییە، هەتا ئەگەر ئەو ڕۆشنبیرە دەستی لەوە هەڵنەگرتبایە ڕەخنەی جیددی لەو دوو حیزبە بگرێت، کەچی دوای ئارامبوونەوەی شەقام هەر خۆیان لە مێدیا و دامودەستگەکانی ئەواندا دەرکەوتنەوە و لە فێستیڤاڵەکانیاندا بانگهێشت کران، بگرە ئەوانەیان بە داهێنەر نەدەزانی، کە بەشدارییان تێدا نەکردوون.[17] سەیر نییە جاگلەرەکان هاوکاتی هەر

[17] هەرگیز دژی ئەوە نیم نووســــەری ســەربەخۆ و ڕەخنەگر لە مێدیای حزبیدا دەربکەوێت، بەرهەمی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانیاندا بڵاو بکاتەوە، یان لە فێســتیڤاڵەکانیاندا بەشــدار ببێت، بە مەرجێ وەک ئەوەی دەیەوێت، بدوێت و سانسۆر نەخرێتە سەر بابەتیان، ئەگەرچی خۆم چەند توانیبێتم لەوەدا پارێزم کردووە، بەتایبەتی لەم چەند ســاڵەی دواییدا. لێرەدا باســی ئەو دەبلستانداردە دەکەم، کە ئەو ڕۆشنبیرانە دەیگرنە بەر. هەر کەسێ بە خۆفرۆش دەزانن، کاتێ شــەقام وروژاوە و لەوێدا بەرهەم بڵاو دەکاتەوە، کەچی دوای ئارامبوونەوەی هەمان شــەقام خۆیان لایان دادەمەزرێن و پارەیان لێ وەردەگرن. هەر ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانە پڕوپاگەندەیان بۆ دەکەن و بە شانوباڵی بەرهەمەکانیاندا هەڵدەدەن. دەکرێت ئەوەیش بڵێم هەندێک لەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی لەناو دامودەســتگەی حزبدا دەردەچن زۆر لەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی دیکە کراوەترن، گوایە سەربەخۆن. (چاودێر) زۆر لە (ئاوێنە) کراوەترە، یان دروستتر (ئاوێنە) هێشتا بە (چاودێر) نەگەیشــتووە، کە نەدەبووایە ڕێگە بدەین بە یەکدییان بەراورد بکەین. ئەوەی لە دوای حەڤدەی شوباتەوە بە ڕوونی دەرکەوتووە، ئەوەیە، زۆربەی ئەو ڕۆشنبیرە میللییانەی بە حەماسەوە دەنووسن و پەلاماری هەر ڕۆشنبیرێک دەدەن، کە بیرکردنەوە و تێڕوانینی جیاوازی هەن، خۆیان لەناو دامودەستگای حزبەکاندا چاویان هەڵهێناوە و دوای ئارامبوونەوەی شەقامیش بۆیان دەگەڕێنەوە. ئەوەی لە بیریان نامێنێت، یاخیبوونە. بەکورتی ئەو ڕۆشــنبیرانەم وەک ئەو دەهۆڵچییانە دێنە بەرچاو، کە بە منداڵی لە ڕۆژانی عەرەفاتدا دەمبینین. ئەوان لە ســاڵێکدا تەنیا ڕۆژێک دەردەکەوتن، ئەویش بەو مەبەســتەی جەژنانە وەربگرن، چونکە شــەوانی ڕەمەزان خەڵکیان بە ئاگا هێنابوو، بەڵام هەمیشە جیاوازییەکی گەورە لەنێوان ئەو کەسانەدا هەیە، کە بە پیشەی خۆیانەوە خەریکن لەگەڵ ئەوانەی ڕۆڵی ئەو پیشەیە لە بوارێکی دیکەدا دەبینن، کە ڕێک

ڕووداوێک بە لێشاو دەردەکەون و بۆچوونی خۆیان دەڵێن، بێ ئەوەی پێشتر لەو بارەیەوە هیچ شارەزاییەکیان پەیدا کردبێت. بۆ نموونە هەر هێندە داعش دەردەکەوێت، ئەوان لەبارەی ئیسلام و مێژووەکەیەوە دەکەونە قسەکردن، بێ ئەوەی قسەکانیان سنووری تێگەیشتنی مرۆڤی ئاسایی ببڕێت، چونکە لەبارەی هەر هێزێکەوە دەدوێن، کە خاوەنی زۆرایەتییە. ڕۆشنبیرە ڕەخنەدۆز و تێپەڕێنەرەکانی دنیا هەمیشە لە دژی سێنترالیزمدا جەنگاون، لە (نیتشە)وە کاتێ سێنترالیزمی ئەقڵ و زانستی خستووەتە ژێر گەورەترین پرسیارەوە تاکوو (فۆکۆ)، (دێریدا) و هەموو ئەوانەی دیکە، هەر یەکەی بە شێوازی خۆی ڕەخنەی لە سێنترالیزم گرتووە و هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی داوە، بگرە کەناڵی دیکەی جیاوازی کردووەتەوە، کەچی ڕۆشنبیری جاگەر بەپێچەوانەوە هەمیشە بەو زمانە میللییەی هوتاف بۆ سێنترالیزم دەکێشێت و دژایەتیی هەر کەناڵێکی جیاواز دەکات، کە دەردەکەوێت.[١٨]

---

لێرەدا کۆمیدیا دەست پێ دەکات. دەهۆڵچییەکان دەیانویست لەو ڕۆژەدا زۆرترین پارە کۆ بکەنەوە، وەک چۆن ئەو ڕۆشنبیرانە کاتێ شەقام دەوروژێت تا لە توانادایە هەوڵ دەدەن لە ڕۆژنامە و تیڤییەکاندا خۆیان نمایش بکەن و سەرنجی جەماوەر ڕابکێشن.

[18] بۆ نموونە (ڕێبین هەردی) لەبارەی (دیبەیت!)ی (مەلا بەختیار) و (مەلا عەلی باپیر)ەوە پۆستێکی لە فەیسبۆکدا کردووە و تێیدا بە باڵای هەردووکیاندا هەڵدەدات. ئەوەی لێرەدا دەردەکەوێت، ئەوەیە، (مەلا بەختیار) جارێکی دیکە بووەتەوە خاوەنی زۆرایەتی، کە لە گەرمەی حەڤدەی شوباتدا لە دەستی دابوو، چونکوو (هەردی) وەک نموونەیەکی زەقی ڕۆشنبیری ئەمڕۆ، تەنیا داکۆکی لە هێزێک دەکات، زۆرایەتیی هەیە. پێشتر هەمیشە (مەلا عەلی باپیر)ی وەک کەسایەتییەکی گەورە ناساندووە و سەرسامیی خۆی بۆ دەربڕیوە، بەڵام ئەمجارە (مەلا بەختیار)یشی هێناوەتە ئاستیەوە. کاتێ بارەگەی یەکگرتوو دەکەوێتە بەر شاڵاوی تیرۆر، ئەو ڕۆشنبیرە و هەندێک لە هاوبیرانی دەڵێن ئێمە یەکگرتووین، چونکە ئەودەم یەکگرتوو خاوەنی زۆرایەتییەکی گەورە بوو، بەڵام کۆمۆنیستەکان، مادام کەمایەتین، ئەوا تیرۆری دەکرێن، بێ ئەوەی ئەوان دەنگیان لێوە بێت. من خۆم بەردەوام گوتوومە ڕۆشنبیر بەرگری لە مافی تاک و گرووپ دەکات، نەوەک لە باوەڕەکەی، بگرە ڕەخنە لە باوەڕی دەگرێت. زۆر ڕۆشنبیری دیکەی وەک (هەردی)، کە لە حەڤدەی شوباتدا دەیانگوت هەر نووسەرێک لەسەر شەقامدا هاوار نەکات، دژی گۆڕانکارییە، بەڵام کاتێ سەری نەگرت و دوو حزبەکە وەک جاران، بگرە بەهێزتر لە جاران مانەوە، پێوەندییان بە دامودەستگەکانیانەوە کرد و تێیاندا بوونە فەرمانبەر، بگرە گوتیان پێویست ناکات هەر کاتێ شەقام ورووژا، ڕۆشنبیریش بورووژێت. ئەگەر لە سەردەمی حەڤدەی شوباتدا

ڕۆشنبیری جاگلەر ئەوە چەند ساڵە نەک هەر موجامەلەی پیاوانی ئایینی دەکات، بەڵکوو پێیاندا هەڵدەڵێت، چونکوو وا دەزانێت بەو ڕێگەیە خۆی لە هێرشی ئەوانە دەپارێزێت، کە ئەمە نیشانەی کورتبینییەتی. ئەمەیش خاڵێکی دیکەیە، کە ئەو ڕۆشنبیرە بە سیاسەتمەدارەوە گرێ دەدات، بەوەی ئەویش تەنیا ئاسایشی خۆی مەبەستە. بۆ پارتی و یەکێتی گرنگ نییە کۆمەڵگە دەکەوێتە بەر شاڵاوی ئەو هێزانەی هەڵگری فکری چەقبەستوون و هەرچی جوانی هەیە، لە ناوی دەبەن، بەڵکوو ئەوەی گرنگە ئاسایشی ئەوان تێک نەدەن، بگرە چ بە نهێنی و چ بە ئاشکرا پەیمانیشیان لەگەڵدا دەبەستن و کۆمەکیان دەکەن. ڕۆشنبیری جاگلەر ڕۆڵی سەرەکیی لەوەدا هەبووە لە پێناوی ئاسایشی خۆی و فراوانکردنی ناوبانگیدا هەمان ڕۆڵی حیزبە سیاسییەکان ببینێت، بەڵکوو گەیشتووەتە ئەوەی لەوان زیاتر خۆی لەو هێزانە نزیک دەکاتەوە.[19]

---

کەسێک بیگوتبایە ڕۆژێک دێت ئەو ڕۆشنبیرە بابەتێکی وا دەنووسێت و بە زمانی میللی ئافەرین لە (مەلا بەختیار) دەکات، بێگومان لە مەیدانی ئازادیدا، کە خۆیان (میدان التحریر)یان پێ دەگوت، بەردباران دەکرا. وەک چۆن ئەگەر یەکێ هەر لەو دەمەدا بیگوتبایە دوای سێ چوار وەرزی دیکە (بەختیار عەلی) لە ڕۆژنامەی (باس)ی پارتیدا دەبێتە ڕۆژنامەنووسی فەرمی، بە دوژمن و ناحەزی گۆڕان و گۆڕانکاری لە قەڵەم دەدرا. دیارە لە دیدی (عەلی)دا پارتی ئەمڕۆ خاوەنی زۆرایەتییە و تەمەنێکی درێژی بە بەرەوە ماوە، پێچەوانەی ئەوەی لە حەڤدەی شوبات، لەناو حەماسی جەماوەردا چاوەڕێی دەکرد بڕووخێت، بگرە مژدەی ڕووخانی دەدا. ئێستا بۆ لای (هەردی) دەگەڕێمەوە و دەڵێم ئێمە لێرەدا ڕۆشنبیرێکمان هەیە لای زۆرایەتی خۆشەویست و ناسراوە، مادام هەمان زمان و تێڕوانینی جەماوەری هەن و هەموو خەونەکەی ئەوەیە (دیبەیت!)ی ئەو دوو مەلایە چاک بە ڕێوە بچێت. ئایا هەر بە ڕاستی مەلاکان لای نووسەرانی (ڕەهەند)دا شوێنی ئەو فیلۆسۆفانەیان گرتووەتەوە، کە جاروبار لە سەرەتای نەوەدەکاندا ناویان دەهات و بڕیار بوو فکرەکانیان بناسێنن؟ ئەمە سەرچاوەکەیەتی:
http://www.chawdernews.com/Direje.aspx?Jimare=19384

[19] مرۆڤ لێرەدا ئەو نوکتەیەی وە بیر دێتەوە، کە لە منداڵی بیستوویەتی: دوو کەس بە دارستانێکدا دەڕۆن و پڵنگێک دەبینین. یەکەمیان بەردێکی تێ دەگرێت و پڵنگەکە تووڕە دەبێت. شاڵاو دەهێنێت و ئەم ڕا دەکات. لە دووەم دەپرسێت بۆ ڕا ناکەیت؟ دەڵێ: خۆ من نەبووم!

ئەو ڕۆشنبیرە پێش هەموو شتێک تێگەیشتنێکی زۆر ساکارانەی بۆ زەمەن هەیە و پێی وایە ئەم زەمەنە جێگیرە و ئەزەلییە. واتە ئەم دۆخە هەر بەم شێوەیە دەمێنێتەوە و ناگۆڕێت. بەشێکی زۆری ئەو ئەکتەرانەی ئەمڕۆ پاڵیان بە ڕێیژیمی (ئەسەد) داوە و ژیانیان بە هۆی تیرۆرەوە کەوتووەتە بەر هەڕەشە، دەپرسن ئەوە داعش و بەرەی نوسرە لە کوێوە هاتن، لە کاتێکدا خۆیان چەند ساڵە مێژوو دەشێوێنن و جوانکاریی تێدا دەکەن، بۆ ئەوەی وێنەی موجاهیدەکان جوان و شیرین پیشان بدەن، بە ڕادەیەک گەنجەکان بیانەوێت شوێنپێیان هەڵبگرن. ئەکتەرەکان لە فیلم و زنجیرەدراماکانیاندا زۆر لەپێش مەلاکانەوە خەونیان بە گەڕانەوەی خیلافەتەوە دەبینی و ڕۆژگاری خیلافەتیان بە باشترین سەردەم پیشان دەدا، بەڵام کاتێک خەڵک بەپێی ئەو کەتەلۆکەی خۆیان بۆیان داناون؛ چەک هەڵدەگرن و ڕووبەڕووی هەموو کۆمەڵگە دەبنەوە، ئەودەم ئەمسەر و ئەوسەری دنیایان لێ دێتەوە یەک و بە لادەر و خەوارج ناویان دەبەن. خیلافەت لە سەدەی بیست و بیست و یەکدا بەر لەوەی لە واقیعدا پراکتیزە بکرێت، لە سەر شاشەدا پراکتیزە کرا، بگرە ئەوانە ئەو وێنانەی مرۆڤی باوەڕدار بە تەڵخی و وەک تارمایی لە کتێبە مێژووییەکاندا وەریگرتبوون، بەرجەستەیان کرد و وێنەی زۆر ڕوونتریان لێ پێک هێنان، بە ڕادەیەک ئەوان بتوانن بیانبینن و دوایان بکەون، بگرە چاویان لێ بکەن، بەوەی هەموو وردەکارییەکانیان دەبینرا.[٢٠] لە دوای

[٢٠] وەک پارادۆکسێک (مستەفا عەقاد)ی دەرهێنەری فیلمی (پەیام: الرسالە) بە دەستی ئەوانە تیرۆر کرا، کە لە سینەماوە بیرۆکەی گەڕانەوەی خیلافەیان لا دروست بوو. لە ساڵی حەفتاوشەشدا، لەو کاتەی بیرۆکەی خیلافەت لە خەیاڵی کەسدا نەمابوو و خەڵک بە شێوەی تاک و هێمنانە خواپەرستییان دەکرد، ئەو هونەرمەندە هەوڵی زیندووکردنەوەی دا. پاردۆکسێکی دیکە ئەوەیە، کە (وێنە) لە ئیسلامدا حەرامە وەک لە حەدیسی صەحیحی (لا تدخل الملائکە فیە کلب ولا صورە)دا دەیخوێنینەوە، چجای سینەما! {دەکرێت خوێنەر جارێکی دیکە بۆ ئەو بابەتەم بگەڕێتەوە، کە لەژێر ناونیشانی (کێ شار دادەمەزرێنێت؟ فریشتە، یان ئیبلیس؟)دا نووسیومە و پێشتر ئاماژەی پێ درا}. بە شایەتیی زۆر لە مەلا بەناوبانگەکانی ئەمڕۆی دنیای عەرەبی لە

ڕووداوی حەڤدەی شوباتەوە، دروستتر لەو کاتەوە ڕۆشنبیری هاوارکەر و بانگدەر سەرجەم پرۆژەی خۆی لە هوتاف، بانگ، جوێن و دۆعادا کورت کردووەتەوە، بە ئاشکرا هەست بە دەرکەوتنی هەندێک دیاردە دەکرێت، کە نیو سەدە زیاتر بوو کۆمەڵگەی ئێمە بە هۆی ڕەخنەی ڕەخنەدۆزانی سەردەمی پێشووەوە تێی پەڕاندبوون.

لە شۆڕشی بیستەوە تاکوو حەڤدەی شوبات هەر ڕاپەڕین و شۆڕشێک بگریت، ویستوویەتی هێزەکانی دژەگۆڕان بورووژێنێت و بیانکاتە هێزی سیاسی، کۆمەڵایەتی و سیمبۆڵی، تاکوو لە دژی گۆڕانکاری بە کاریان بهێنێت. بە دەربڕینی (ئیبن خەلدوون) تێکڕایان زاڵکردنی هێزی کۆچەرییانە بوونە بەسەر هێزی شارستانەتیدا. لەم دەوروبەرەی ئێمەدا هیچ کاتێک ڕێک نەکەوتووە دوای شۆڕش و ڕاپەڕینەکان گۆڕانکاری ڕووی دابێت، بەڵکوو بەپێچەوانەوە هەمیشە بواری سیاسەت، دروستتر دامودەستگەی حیزبی دەستی خستووەتە ناو بوارەکانی دیکەوە و ئازادیی لە مرۆڤ سەندووەتەوە.

---

ناوەڕاستی حەفتاکاندا مزگەوتەکان تەنانەت لە مەککە و مەدینەدا چۆڵ بووبوون و دواتر بووژانەوە. من دەڵێم نووسەر و هونەرمەندەکان لەوەدا ڕۆڵی گەورەیان بینیوە. ئەوانن ئەو جەنگاوەرە ئازایانەیان پێ گەیاندووە و بەردەوامیش لە ڕێگەی هوتاف و هاوارەوە دەیانورووژێنن، کەچی گلەییش دەکەن. (مەریوان وریا قانیع) لای سەیرە مەلایەک هەبێت ئەمڕۆ دژی شیعری (قانیع) بێت و ڕەخنە لە (پێکەوەبوونی ژن و پیاو) بگرێت، لە کاتێکدا ئەو مەلایە بە مافی خۆی زانیوە، چونکوو لە حەدیسی صەحیحدا هاتووە: (ما خلا رجل بإمرأه إلا كان الشيطان ثالثهما)، کە ماناکەی ڕوونە: (هەر کاتێ ژن و پیاو لە شوێنێکدا پێکەوە بن، ئەوا شەیتانیان لەگەڵدایە). ئەو ڕۆشنبیرە لانی کەم لە حەڤدەی شوباتەوە هەر بەو زمانەی ئەوانی نووسیوە و لە میدیاکانیشدا بە شانوباڵیدا هەڵداون، کەچی ئێستا نارەزایی دەردەبڕێت! دەپرسم ئایا چ (عەقاد)، چ ئەو ئەکتەرانە و چ ئەو ڕۆشنبیرانەی لاوان پاڵ پێوە دەنێن خەون بە گەڕانەوەی خیلافەتەوە ببینن، خۆیان لە ژیانی ڕۆژانەدا دوور و نزیک ئەو خەونەیان هەیە و بەپێی شەریعەت دەجووڵێنەوە، یان ئەوە تەنیا جاگلینگە و ئەوانی جاگلەر نمایشی دەکەن؟ ئەوانە مرۆڤ لە ڕێی باوەڕەکەیەوە دەکەنە بابەت. واتە لە بوونەوە دەیگۆڕن بۆ شت، تا بە ئاسانی دەستی بەسەردا بگرن. ئەمە ئەو مەترسییەیە، (هایدیگەر) و فیلۆسۆفانی تر لێی بەئاگا هاتوونەتەوە.

ناکرێت ڕاپەڕین و شۆڕشەکانمان گۆڕانکاری بە دوای خۆیاندا بهێنن، لە کاتێکدا چ سیاسەتمەدار و چ ڕۆشنبیر نەک ڕێگەی دروستبوونی تاک و مرۆڤی سەربەخۆیان نەداوە، بەڵکوو هەمیشە لە ڕوووی هزرییەوە بە لاڕێیاندا بردووە و هەموو ئەو ئێلەمێنتانەیان لێ سەندووەتەوە، کە دەکرێت ببنە هۆی ئەوەی ئازادانە بیر بکاتەوە و ئاڕاستەی جیاواز لە هیی زۆرایەتی بگرێت. بەم شێوەیە توانای تاک نەک هەر بە ئاڕاستەی یاخیبووندا نەجووڵاوە، بەڵکوو خودی ئەو توانایە بووەتە بەشێک لەو دەستەڵاتە کۆمەڵایەتی و سیمبۆڵییەی زۆرایەتی و لە سەرکوتکردنی خۆی (واتە لە سەرکوتکردنی ئەو توانایەی خۆی) و ئەوانەی دیکەیشدا بە کار هێنراوە. چواردەی تەمووز جووتیاری پەرشوبڵاوی لە کێڵگەکانەوە هێنا و کۆی کردنەوە. هێزێکی کۆمەڵایەتیی لێ پێک هێنان، تاکوو بەسەر بۆرژوای تازەپێگەیشتووی شاردا زاڵی بکات. بەیاننامەی یانزدەی ئادار جارێکی دیکە شاری خستە ژێر دەستەڵاتی جووتیاری چەکدارەوە. ڕاپەڕین بە شێوازێکی دی جووتیاری چەکداری پەرتەوازەی لە شاخەوە بۆ ناو شار گەڕاندەوە. بەم شێوەیە هەرچی لە ماوەی ئەو پانزدە شانزدە ساڵەی ڕابردوو دامەزرابوو، وردەوردە لە ناو چوو. شانۆ، سینەما، کتێبخانە و هەموو سیمبۆڵەکانی دی تێک شکێنران و ئایکۆنی ئایینی شوێنی گرتنەوە. ئەمڕۆ بەرهەمی حەڤدەی شوبات بە ڕوونی دەبینین، بەتایبەتی لە سلێمانیدا، ئەو شارەی لە نەوەدەکاندا بە تەنیا خۆی لە بەرانبەر شاڵاوی ئیسلامییەکاندا گرت، بەڵام لەو ڕۆژەوە بە هاوکاریی ڕۆشنبیری جاگلەر توانرا بیڕووخێنن. هیچ کاتێ وەک قۆناغی دوای ڕاپەڕین، بەتایبەتی لە حەڤدەی شوباتەوە ڕۆشنبیری ئێمە لە زۆرایەتیدا نەتواوەتەوە، بۆیە لە نەوەدەکانەوە تاکوو ئەمڕۆ ڕۆشنبیری جاگلەر دەستی بەسەر تێکڕای بوارەکانی دەربڕین و گەیاندندا گرتووە. وەک بینیمان

ڕۆشنبیرێکی کۆمپرۆمایسە. واتە بۆ مانەوەی خۆی لەگەڵ هێزە چەقبەستووەکاندا ڕێک دەکەوێت و بە یارمەتیی ئەوانەوە دژی هەر دەنگێک دەوەستێتەوە، کە جیاوازە و نیازی گۆڕانکاریی هەیە. بە هەردووکیان ئەو زۆرایەتییە بە لاڕێدا دەبەن و ئەو وەهمەی لا دەکەنە ڕاستی، گوایە ئەگەر هێزە شەڕانگێزەکان لێیان بگەڕێن دنیایان بۆ دەکەنە بەهەشت. ئەو زۆرایەتییە دە ساڵ لەمەوبەر بە یارمەتیی حیزبە ئیسلامییەکان لە پاڵ زۆرایەتییەکانی دەوروبەریدا دێتە سەر شەقامەکان و لە دژی کاریکاتێرستێکی بێبەهرەی دانمارکی دەهاڕێنێت، بگرە داوا دەکات هیچ کەسێک کەلوپەلی دانمارکی نەکڕێت، تاکوو نەوەی مەیموون و بەراز لە برسان بمرن، کەچی ئەمڕۆ پەنایان بۆ دەهێنێت و داوایان لێ دەکات شوێنی بکەنەوە. لە کۆپنهاگن تەنیا لە یەک ڕۆژدا میلیۆنێک تاک دێنە سەر شەقام، تاکوو تێکڕا بەو کەسانە بڵێین (بە خێر بێن)، کە دە ساڵ لەمەوبەر لە خوا دەپاڕانەوە لە برسانیان بکوژێت. هەر ئەمانە هەشتاوشەش میلیۆن کرۆنی دانمارکییشیان بۆ کۆ دەکەنەوە.[٢١]

ڕۆشنبیری جاگلەر لە خاڵێکی دیکەی جەوهەریدا هەم لەگەڵ پیاوانی ئایینی و هەم لەگەڵ سیاسەتمەداردا یەک دەگرێتەوە، کە هەرچی گوناهـ هەن دەیانخاتە ئەستۆی ئەوانەی لە نۆرم و بەهاکانی دوێنێ لایان داوە و گوێ لە خواستی زۆرایەتی ناگرن. بە مانایەکی دی لە بەردەم بەدیهێنانی خەونەکانیدا ڕێگرن. ئەو ڕۆشنبیرە هەندێک چەمکی لاستیکیانەی وەک دادپەروەری،

---

٢١ http://www.dr.dk/nyheder/kultur/video-indsamling-86-millioner-til-syriens-flygtninge

ڕەنگە ئێرە دەرفەتێکی باش بێت، تاکوو تێیدا بگوترێت زۆرایەتییەکان لە هەموو کۆمەڵگەکاندا بە شـێوازی جۆراوجۆر فریو دەدرێن، بەڵام هێشـتا جیاوازییەکی گەورە لەنێوانیاندا هەیە. ئەو نموونەیە بە ڕوونی پیشـانمان دەدات چ جیاوازییەک لەنێوان زۆرایەتیی کوردی و زۆرایەتیی دانمارکیدا هەسـت پێ دەکرێت. دەتوانین هەر لەمەیشـەوە ئاسـتی ڕۆشـنبیری دانمارکی ببینین و بیهێنینە بەر چاومان چ کاریگەرییەکی هەیە.

چاکسازی، پاکسازی و شتی دیکەی بە دەمەوە گرتووە، کە نە لەگەڵ پەیامی سیاسەتمەدار ناکۆکن و نە لەگەڵ هیی پیاوانی ئایینییشدا، بۆ ئەوەی لەوێوە هێرش بکاتە سەر هەر بوونەوەرێک، کە لە دەرەوەی ئەمانەدا بیر دەکاتەوە و دەدوێت. بەوەدا دەستی بەسەر هۆیەکانی ڕاگەیاندندا گرتووە، هەوڵ دەدات هەر دەنگێک بخنکێنێت، کە لە دەنگی ئەو ناچێت و سانسۆر بخاتە سەر نووسینی هەموو ئەو نووسەرانەی پرۆژەی فکریی جیاوازیان هەیە. وا باوە دەستەڵاتی سیاسی زیاتر لە ئایین نزیک دەبێتەوە، کەچی لەو زۆنەی ناوی (هەرێمی کوردستان)ـە، ئەوە ڕۆشنبیرەکەیە زۆر لە سیاسەتمەدار پتر خەمی ڕاگرتنی دڵی پیاوانی ئایینییەتی.

## ڕۆشنبیری جاگلەر و ئاسانکردنەوەی فکر

ڕۆشنبیری میللی هەتا ئەمڕۆیش لەژێر دەستەڵاتی ئەو فکرە پریماتیڤەدا دەرنەچووە، کە حاکم یان زۆردار، یان چاکەخواز پێشان بدات. ئەمە بینینی چەمکی دەستەڵاتە بە شێوەی مۆرفۆلۆجی. واتە قسەکردنە لەبارەی دەستەڵاتەوە وەک ئەوەی بە چاوی ئاسایی دەبینرێت. وردنەکردنەوە و تێکنەشکاندنیەتی، لە کاتێکدا ڕۆشنبیری ڕەخنەدۆز لەو خاڵە جەوهەرییەوە دەست پێ دەکات، کە بەو تێگەیشتنە ڕازی نابێت و بە دوای وردەکاری و نهێنییەکانی ئەو چەمکەدا دەگەڕێت. لە چیرۆکە فۆلکلۆرییەکاندا پاشاکان یان زۆر دادپەروەرن، یان زۆر چەوسێنەرن، کە هەردوو وێنەکە بەرهەمی ترسن. حاڵەتی سایکۆلۆجییە، کە مرۆڤی سەرەتایی دەستەڵاتدار بە شێوەی ئاسایی نابینێت. سەیر نییە کاتێک دەبینین مێژوومان هێندە کەوتووەتە ژێر دەستەڵاتی

میتۆلۆجیاوە. مرۆڤەکان چیرۆکی سەیروسەمەرە بۆ سەرکردەکان هەڵدەبەستن و لە ڕێگەیەوە ترسی خۆیان دەڕەوێننەوە.[٢٢] لەدوای ڕاپەڕینەوە هیچ ڕۆشنبیرێکی جاگلەر دەرنەکەوتووە، ئەگەر ئەندامانی ئەو زۆرایەتییە دەیان چیرۆکی ئەفسانەییان بۆ هەڵنەبەستبێت، وەک (فلان شایانی خەلاتی نۆبێڵە)، (بەرهەمی فیسار ئەگەر بکرێتە زمانی ئینگلیزی، دەبێت هەرچی نووسەر هەن، کتێبەکانیان لە کتێبخانەکاندا دەربهێنن و بۆماڵەوەیان ببەنەوە)، (فلانەفیلۆسۆفی ڕۆژئاوا لەبارەی فیسار نووسەری ئێمەوە گوتوویەتی دەبێت هەموو داهێنەرانی دنیا لێیەوە فێر ببن چۆن دەنووسن) و شتی دیکەی لەم بابەتە. هەر بەگشتی گەورەکردنی قەبارەی توانای کارەکتەری سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئاینی، لە پاڵ پێشبینیکردنی ڕووداوی دڵخۆشکەردا بەرماوەی ئایدیۆلۆجییەکانی وەک کۆمۆنیزم و نازیزمە، کە پێیان وایە مێژوو بە شێوەی ڕێکوڕاست دەچێتە پێشەوە. بەم شێوەیە گەورەکردنی ڕووداو یەکێکە لە خەسڵەتەکانی ڕۆشنبیری جاگلەر، چونکە ئەو وا ڕاهاتووە تەنیا دەتوانێت لەبارەی فۆرمی ڕووداوەوە بدوێت، بۆیە تاکوو قەبارەی ڕووداوەکە گەورەتر بکات، چاکتر سەری لێ دەردەچێت، بەوەی ئەو پرۆسێسە ورووژان (Excitement) و خرۆشان (Enthusiasm) دەهێنێتە دی. کەم نین ئەو ڕۆشنبیرە جاگلەرانەی بەردەوام مژدەی ڕووخانی فلان دەستەڵات و دەرکەوتنی فلان سیستێم دەدەن، کە ئەمە لە حەڤدەی شوباتدا زۆر بە ڕوونی بینرا. هەمیشە پێیان خۆشە لە ڕووداوێکی بچووک شتێکی قەبە دروست بکەن و لە ڕێیەوە خۆیان بگەیەننە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، تا بتوانن زۆرترین جەماوەر لە خۆیان کۆ بکەنەوە. وەک ئەوەی بە زمانی

[٢٢] لە کتێبی منداڵیمدا بەتایبەت باسی ئەو خاڵە جەوهەرییەم کردووە و نموونەم لێ هێناوەتەوە.

ئینگلیزی پەتاتەی گەرم (hot potato)ی پێ دەگوترێت. واتە بابەتەکە ئاڵۆزە و تەنیا ئەوان دەتوانن لێوەی بدوێن. بەم شێوەیە زێدەڕۆیی خەسڵەتی دیاری ڕۆشنبیری جاگلەرە.

(کارل پۆپەر) بەتایبەت لە کتێبی (هەژاریی مێژووگەراییی)دا ڕەخنەی گەورە لە ئاڕاستەی مێژووگەرا (Historism) دەگرێت. ئەو دەپرسێت ئایا پەرەسەندن یاسای هەیە؟ هەر خۆیشی بە (نا) وەڵام دەداتەوە و باوەڕی وایە گەڕان بە دوای یاسایەک بۆ (سیستێمی چەسپاو) لە مێتۆدی زانستیدا بە هیچ شێوەیەک بوونی نییە چ لە بواری بایۆلۆجی و چ لە بواری سۆسیۆلۆجیدا.[٢٣] ئەگەر (پۆپەر) ڕەخنە لە فۆرمە فەلسەفییەکەی (مێژووگەرایی) بگرێت، دەبێت ئێمە چی بە ڕۆشنبیری میللیی خۆمان بڵێین، کە هەر هێندە جەماوەرێکی سادە لەسەر شەقامەکاندا دەبینێت، خێرا مژدەی ڕووخانی فلان سیستێم و دامەزراندنی فلان سیستێم دەدات؟

ئەو ڕۆشنبیرە نایەوێت و نایشتوانێت جیاوازی لەنێوان دوو جۆر تاکدا ببینێت: یەکەمیان، بە شێوەی غەریزە داوای مافەکانی دەکات. واتە لە پێناوی پێویستییە سەرەتاییەکانی وەک نان، ئاو، جلوبەرگ، کارەبا و هیی دیکەدا دێتە سەر شەقام، بەڵام دووەمیان، ئاستی غەریزە تێدەپەڕێنێت. هەموو ئەمانەی هەن و دەستیشی لە نارەزایی هەڵنەگرتووە. ئەوەیان خاوەنی هۆشیارییە، بەوەی هۆشیارییەکەی کێشەی بۆ دەخولقێنێت و ڕێگەی نادات ملکەچی هیچ دەسەڵاتێک ببێت. بەم شێوەیە تاقە پێوەرێک بۆ دەرکەوتنی هۆشیاریی تاک ئەوەیە، کە ناهێڵێت بە ژێردەستەیی دەسەڵاتەکان، چ دەسەڵاتی سیاسیی لە چەشنی حیزب و چ دەسەڵاتی کۆمەڵایەتیی لە

---

[٢٣] *Karl R.Popper,Historicismens elendighed*, på *dansk ved Gitte Lyngs*, Gyldendal, København, 1996, (150_151)

نموونەی خێزان، قوتابخانە، پەرستگە و ئەوانەی دی ڕازی ببێت، چونکە وەک (کامیۆ) پێی وایە هۆشیاری بەرهەمی ئاکتی یاخیبوونە.[٢٤] ئەو تاکەی دووەمیان لای ئێمە هێشتا دروست نەبووە، بەوەی کۆمەڵگەمان بە پیرۆزی داپۆشراوە. هەر (کامیۆ) دەنووسێت: {لە بیری مرۆڤدا دوو جۆر جیهان هەن، جیهانی پیرۆزی، یان بە دەربڕینی مەسیحی جیهانی گرێس (نیعمەت) و جیهانی یاخیبوون. ونبوونی ئەمیان دەرکەوتنی ئەویانە}.[٢٥] مەبەستی (کامیۆ) ئەوەیە ناکرێت ئەو دوو جیهانە پێکەوە دەربکەون، بەڵکوو هەر دەبێت یەکێکیان دیار و ئەوەی دیکەیان نادیار بێت.

لە دوای ڕاپەڕینەوە مرۆڤی ئێمە لە لایەک بە هۆی سیاستەمەدار و کارەکتەری ئاینییەوە و لە لایەکی دیکە بە هۆی ڕۆشنبیری بانگدەر و میللییەوە بەردەوام بە پیرۆزی داپۆشراوە. هێندە بەسە مرۆڤی وردبین چاوێک بە کتێبەکانی خوێندن و پەروەردەدا بخشێنێت، تاکوو بە ئاسانی بۆی دەربکەوێت چۆن خۆشەویستیی ئایدیۆلۆجیی حیزبی دەسەڵات و سیمبۆڵەکانی وەک شتە هەرە پیرۆزەکان سەیر دەکرێن و لەولایشەوە کارەکتەری ئاینی بە یارمەتیی ڕۆشنبیری میللی هەموو کونوکەلەبەری کۆمەڵگەی بە پیرۆزی پڕ کردووەتەوە، کە ئەوە لە حەڤدەی شوباتدا دەگاتە لووتکە و ئەمڕۆ بە ڕوونی کاریگەرییەکەی دەبینین، بۆیە هەر کەسێک باوەڕی وا بێت مرۆڤی ئێمە بۆ ئەوە دێتە سەر شەقام، تاکوو دنیا بگۆڕێت،

---

[٢٤] Albert Camus, The Rebel, An Essay on Man in Revolt With a Foreword by Herbert Read, A revised and complete translation of l'homme revolte by Anthony Bower, FIRST VINTAGE INTERNATIONAL EDITION, NOVEMBER 1991, PP14

[٢٥] هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٢٢

لە سادەیی و ساکاریی خۆی زیاتر شتێکی دیکەمان پێ نالێت.[٢٦] بەرگریکردن لە مافی تاک نەک هەر لە کاتی وورووژانی شەقامدا، بەڵکوو هەموو کاتێ ئەرکی ڕۆشنبیری ڕەخنەدۆزە، بەڵام تێکەڵکردنی باوەڕ و ماف جارێکی دیکە ساکاریی ڕۆشنبیری میللیمان بۆ دەردەخات. وەک پێشتر گوترا ڕۆشنبیری ڕەخنەدۆز و تێپەڕێنەر بەرگری لە مافەکانی تاک دەکات، نەوەک لە باوەڕی، بگرە باوەڕەکانی تێک دەشکێنێت، لە کاتێکدا ڕۆشنبیری میللی بە باوەڕەکەیدا هەڵدەڵێت، بێ ئەوەی مافەکانی لا گرنگ بن، بەڵکوو تەنیا لەو ڕێگەیەوە خۆی لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا نمایش دەکات.من پێم وایە ڕۆشنبیری ڕەخنەدۆز و تێپەڕێنەر، ڕۆشنبیرێک هەموو کاتێ سەرقاڵی پڕۆژەی فکریی ڕەخنەییە، نە بە وورووژانی شەقام حەماس دەیگرێت و نە لە ئارامیی دۆخدا پشوو دەدات، بەڵکوو ئەوە خودی شەقام و دۆخن دەکەونە ژێر کاریگەریی ڕەخنەکانیەوە، نەوەک بەپێچەوانەوە. هیچ گرنگ نییە ئێمە هێشتا نەچووینەتە ناو زەمەنێکەوە تێیدا ڕۆشنبیر بە بەرهەمەکانیەوە بناسرێتەوە، نەوەک بە دۆعا، هوتاف، جنێو، درووشم و گوتە سادەکانی، بەڵام گرنگە ڕۆشنبیری ڕەخنەدۆز و تێپەڕێنەر بزانێت هەمیشە زەمەنێکی دیکەی جیاوازی هەیە، زەمەنێک، کە هێشتا ئەندامانی زۆرایەتی پێی نەگەیشتوون. خۆ کاتێ پێی گەیشتن، ئەوا ئەو تێیدا نەماوە و جێی هێشتووە.[٢٧]

[٢٦] لە گەرمەی هەڵچوونی جەماوەر و لەو کاتەی ڕۆشـــنبیری میللی لە ڕێگەی هوتافەوە مژدەی هاتنی ســـەردەمێکی نوێی دەدا، من ئەم گوتارەم نووســـی، کە ئەودەم هەندێک دژم بوون، بەڵام دوای چوار ساڵ هەمان قسەیان کردەوە. گوتیان مەرج نییە ڕۆشنبیر هەر کاتێ شەقام وورووژا، بوورووژێت. ئەمساڵ پڕۆژەی (ڕێگە) وەک نامیلکە چاپیان کرد:
http://www.dengekan.info/dengekan/gshty/12119.html

[٢٧] ئەمە باسێکی سەربەخۆیە، کە چ پێشتر خۆیم لێ داوە و چ لە ئاییندەیشدا بە شێوازی دیکە ڕووبەڕووی دەبمەوە.
ئێستا وا دوای حەوت ساڵ ئەم بابەتەم دەخوێنمەوە و دەبینم خودی جەماوەر لەو ڕۆشنبیرە زیاتر توانای تێپەڕاندنی هەیە، لە کاتێکدا دەکرا پێچەوانە بووایە. ئەم هەڵبژاردنەی دوایی پێشانی

کۆمەڵگەی ئێمە، کە کۆمەڵگەی زارەکییە و کەمترین لێکدانەوە بۆ دیاردە و دەرکەوتەکانی کراون، مرۆڤی هاوارکەر و جوێندەر بە ئازا وەسف دەکات، لە کاتێکدا سایکۆلۆجیا ڕێک پێچەوانەی ئەوەمان پێ دەڵێت. ئەمە میکانیزمی بەرگرییە. مرۆڤ کاتێ دەزانێت ئازا نییە، پێویستە خۆی ئازا پیشان بدات، بەو مەبەستەی شوێنی خۆی لەناو زۆرایەتیدا بکاتەوە و بە لاوە نەنرێت. بەم شێوەیە ئازایەتی دیوە هەرە ساختەکەی مرۆڤە، مادام هۆکارە بۆ خۆگونجاندن.[٢٨] ئەو دیوە، کە بە مۆڕاڵەوە پێوەستە، هەر یەک لە (نیتشە) و (فرۆید) لە سەدەی نۆزدەهەمدا بە شێوازی خۆیان ڕووبەڕووی دەبنەوە و ئاڕاستەی جیاواز و نوێ لە فکر و سایکۆلۆجیدا دەهێننە گۆڕێ، کە دواتر ئەو ئاڕاستەیە لە ئەدەبیشدا ڕەنگ دەداتەوە، بەوەی فۆکەسی گەورە لەسەر ناوەوەی مرۆڤ دەکرێت، کە شەڕە، نەوەک چاکە. تراجیدیایە، نەوەک گەشبینی. قووڵبوونەوە و بینینی ئازارە، نەوەک پێدانی مژدەی خۆشبەختی.[٢٩]

---

داین، کە ڕێژەیەکی کەم لەو جەماوەرە دەنگی بە حیزبەکان داوە، بە مەرجێ لیستەکە هەمان ئەوەی جارانە و نەگۆڕاوە. ئەو ڕۆژگارەی ئەم بابەتەم لە کوردا پێشکەش کردووە، ڕێژەی دەنگدانی جەماوەر بە حیزبەکان بەرز بووە. ڕۆشنبیرە دیارەکانت تا ئەم ساتەیش پابەندی ئەو حیزبانەن. ئەودەم کۆمەڵی ئیسلامی لایەنێکی بەهێزی گۆڕەپانی سیاسی بوو، بەڵام ئەمڕۆ تەنیا یەک کورسیی هێناوە. واتە جەماوەرێکی زۆر دەنگیان پێ نەداوەتەوە، لە کاتێکدا (ڕێبین هەردی) هێشتا داکۆکیکەرێکی بەوەفای ئەم حیزبە و ڕابەرەکەیەتی. لەو سەردەمەدا بە ڕێکەوت (مەریوان وریا قانیع)م بینی لە کەناڵێکی تیڤیدا بە (نەهزە)ێ ئیخوانیی توونسی هەڵدەدا، کە ئەمساڵ خەڵکی ئاسایی بە ویستی خۆیان بە دەریان نا، چونکە دەرکەوت دیوە شاراوەکەی داعشە. ئەمە لە مەغریب و زۆر شوێنی دیکەیشدا بە ڕوونی دەرکەوت.

[٢٨] لە چیرۆک و ڕۆمانەکانمدا بەردەوام کارم لەسەر ئەو مرۆڤە ترسنۆکانە کردووە، کە چۆن دەیانەوێت ترسی خۆیان لەپشت ئازایەتیدا بشارنەوە.

[٢٩] ئەدەب و فکرمان بۆیە تاکوو ئەمڕۆیش هێندە لاوازن، چونکە نووسەری کورد وەک نووسەری هەموو کۆمەڵگە سەرەتاییەکانی دیکە پابەندی دیوە ساختەکەیە. حەڤدەی شوبات بە ڕوونی دەریخست، کە بە گشتی ڕۆشنبیری کورد چەند سادەیە و لە دەرەوەی دوالیزمی چاکەوخراپەدا، توانای بینینی دنیای نییە. ئەو ڕووداوە پیشانی داین ڕۆشنبیری کورد هەمان ئەو تێگەیشتنەی هەیە، کە خەڵکی ئاسایی هەیانە. ئەوەی لە هەر شتێک زیاتر بایەخی پێ درا و بە پیرۆز زانرا،

چ گەورەکردنی دەستەڵات و چ بچووکردنەوەی خۆی لە پێوەندیی کوڕ و باوکدا دەبینێتەوە، کە بە گرێی خەسان (castration anxiety) ناسراوە. ئەمڕۆ ڕۆشنبیری میللی کاتێ لە ئەوروپاوە جوێن و نەفرەت بۆ دەستەڵاتی سیاسی دەنێرێت و وە بیرمان دێنێتەوە ئەو دەستەڵاتە تاوان دەکات، پارەی زۆری هەیە، کۆشکەکانی بە پاسەوانی زۆر تایبەت تەنراون، ئەوە لەو ڕێگەیەوە خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوە بە دوور دەگرێت. واتە ناکرێت بەگژ ئەژدیهای وادا بچین. بە لاکەی دیکەیشدا کاتێ دەستەڵات وا پێشان دەدات بەهەشتی لەسەر زەوی دامەزراندووە، دیسان هەمان ترسی ڕووبەڕووبەنەوەی هەیە، بەوەی چۆن دەبێت بەهەشت تێک بدرێت. لە هەردوو حاڵەتەکەدا شتی جەوهەری ونە، کە ڕەخنەیە. تەنیا ڕەخنەیش دەتوانێت نهێنییەکانی دەستەڵات بدۆزێتەوە و ئاستەکانی تێبپەڕێنێت. وەک پێشتر گوترا لای ڕۆشنبیری میللی دەستەڵات بریتییە لە کەسانێکی دیاریکراو، کە ئەو کەسانەی یان زۆر خۆش دەوێن، یان زۆر ڕقی لێیانە. ئەگەر دەبینین ئەو ڕۆشنبیرە هێندە لە وردەکارییەکانی ئەو کەسانە بەئاگایە، ئەوە هەر پێوەندیی بەو ترسی ڕووبەڕووبوونەوەیەوە هەیە: ئەمیان قەڵەوە، ئەویان لە مەیموون دەچێت، فڵان قژی بۆیە دەکات، فیسار تاقمی ددانی بە چەند دەفتەر دۆلار کردووە، تێچووی نەشتەرگەریی لووتی ئەمیان هێندە هەزار یۆرۆ بووە، کۆشک و ئۆتۆمۆبیلی ئەویان بە بانکی سویسرا ناکرێت و شتی لەو بابەتە، نیشانەی ترسی ڕووبەڕووبوونەوەیە. ئەو زانیارییانە بەشێکیان ڕاستن، بەڵام بەشەکەی دیکەیان هەڵبەستراون، چونکە وەک پێشتر گوترا ئەو نووسەرە پێویستی بەوەیە دەستەڵات بە شێوەی نائاسایی ببینێت و بە هەمان

---

چەمکی ڕەوشـــتبازی بوو. هوتاف، ســـۆلەگەن و نزا لای ئەو ڕۆشـــنبیرە لە لێکۆڵینەوە و وردبوونەوە گرنگتر بوون.

شێوەیش پێشانی ئەوانەی دیکەی بدات. هەموو هاوار دەکەن فلان و فیسار بدەنە دادگا، بگرە هەر خۆیان دەبنە دادوەر، دادگای تایبەتی خۆیان دادەمەزرێنن و بڕیار لە چارەنووسیان دەدەن. هەر بەگشتی ئەم شێوازی نووسینە، واتە ئەوەی باس لە تاوان و گەندەڵیی بەرپرسانی حوکوومەت دەکات و هاوکات دادگایان بۆ دادەنێت، تایبەتە بەو کۆمەڵگەیانەی پشت بە فەرهەنگی زارەکی دەبەستن، دەنا لەو کەلتوورانەی بایەخی نووسینیان زانیوە، دەمێکە تێپەڕێنراون. ئەوە تەنیا ڕۆژنامەنووسی پرۆفیشیناڵە لەوێ دەست بۆ کاری ئاوا دەبات. واتە بە بەڵگەوە تاوانی بەرپرسان دەردەخات، کەچی لای ئێمە بووەتە ئەرکی ڕووناکبیران. کەم نین ئەو ڕۆشنبیرە بەناوبانگانەی لە ڕێگەی جوێندان بە بەرپرس و باسکردنی ژیانی تایبەتیانەوە دەرکەوتوون و لای ئەو زۆرایەتییە بوونەتە مایەی ئومێدی گەورە. ئەوانە هەندێکیان هاتوونەتە ناو دنیای ئەدەب و هەمان تێگەیشتنیان لەگەڵ خۆیاندا هێناوە. جەماوەری زۆریان هەیە، کە لەو ڕێیەوە پەیدایان کردووە. ئەو جەماوەرە پێی وایە ئەوانە ڕۆماننووس و شاعیری زۆر مەزنن، چونکێ بە زمانی ئەوان دەنووسن.

ئەو ڕۆشنبیرانە تێگەیشتن و لێکدانەوەی زۆر سادەیان بۆ ڕووداو هەیە، کە پێیان وایە هەر ڕووداوێک سەربەخۆیە و هیچ کۆنتێکستێکی نییە. هەر هێندە داعش دێت، تێکڕا دەکەونە نووسینی گوتار لەو بارەیەوە. بەڵام ئایا هەر بۆ نموونە داعش ڕووداوێکی نوێیە؟ درێژکراوەی ئەوانەی پێشوو نییە و بە هەمان ئێلەمێنتی ئەوانیش فۆرمی وەرنەگرتووە؟ بۆچی ئەو ڕۆشنبیرە پێی وایە ئەو ڕووداوە یان هەر ڕووداوێکی دیکە نوێیە و بە جیا لێی دەکۆڵێتەوە، ڕاستتر بڕیاری لەسەر دەدات؟ چونکە خۆی بۆ ئامادە نەکردووە و ناتوانێت ئەو کۆنێکشنە لەنێوان ئەو ڕووداوە و کایەکانی مەعریفەدا دروست بکات.

وەک کایەی مێژوو، سۆسیۆلۆجی، سایکۆلۆجی و هیی دیکە. ئەو ڕۆشنبیرە کەمترین کاتی بۆ بیرکردنەوە هەیە، بەوەی بەردەوام لەم کەناڵی ڕاگەیاندنەوە بۆ ئەوەی دیکەیان جرتوفرتیەتی، نەبادا لە بەرچاوان ون ببێت، بۆیە بە زمانی میللی لەبارەی هەموو شتێکەوە دەدوێت و ئەوەی پشتی پێ دەبەستێت، کولتووری زارەکییە. ڕۆشنبیر کاتێ ڕێگە بە خۆی دەدات ئامۆژگاریی خەڵک بکات، یان ببێتە پێشڕۆی، ئەوە لەبەر ئەوەیە لە لایەک گەیشتووەتە ئەوەی حەقیقەتی تەواوی بە دەست هێناوە و پێویستی بەوەیە ئەو حەقیقەتە بەوانی دیکەیش بگەیەنێت، لە لایەکی دیکە ئەو ڕۆشنبیرە توانای دەرچوونی لەم دۆخەی ئێستای نییە. وا دەزانێت ئەو ئاستەی پێی گەیشتووە، ئەزەلییە و پێویستە ئەوانەی دیکەیش بیگەنێ. لە مێژووی ژیانی ڕووناکبیر و فیلۆسۆفاندا خاڵێکی جەوهەری سەرنجڕاکێش هەیە، کە هەموویان پێک دەگەیەنێت، ئەویش ئەوەیە تێکڕایان تەنیایی بەماڵی ڕاستەقینەی خۆیان دەزانن و لەوێوە بۆ دەرەوە دەڕوانن، کەچی ڕۆشنبیری جاگلەر لە ئاوەدانی و قەرەباڵغیدا نەبێت، هەڵناکات. تەنیایی لای ڕۆشنبیری ڕەخنەدۆز هەرگیز مانای دابڕان نییە لە کۆمەڵگە، بەڵکوو بەپێچەوانەوە بینینی کۆمەڵگەیە لەو شوێنەوە، کە هەموو ڕووەکانی لێ دیارە، بگرە لەوێ نەبێت، ناگاتە قووڵاییەکانی.[30]

## ڕۆشنبیری جاگلەر و ونبوونی زمانی ڕەخنە

[30] دەکرێت خوێنەر بۆ پێشەکیی کتێبی (هەولێر) و (هەولێری) لە کۆنکریتبەندییەوە بۆ هەڵوەشاندنەوە بگەڕێتەوە، کە لە بڵاوکراوەکانی پرۆژەی ڕێگەیە. لە پێشەکییەکەیدا باسی ئەوە کراوە (هایدیگەر) چۆن لە چەمکی تەنیایی و گۆشەگیری دەڕوانێت.

له ئەنجامی نەبوونی ڕەخنە و کەمیی ویستی تێپەڕاندندا خەریکە ئایدیۆلۆجیی حیزبی باڵادەست بە هاوکاریی ئایین خۆی دەخزێنێتە ناو هەموو کایەکانەوە، بەتایبەتی کایەی خوێندن. لێرەدا بۆ ئەوەی مەترسیی ئەو پرۆسێسەمان چاکتر لە بەرچاو بێت، دەکرێت پەنا بۆ چەمکی بەرهەمهێنانەوە (Reproduction)ی (پییر بۆردیۆ) ببەین، کە مەبەستی ئەوەیە ئەو کولتوورەی خوێندکار لە خوێندنگە وەریدەگرێت، بێلایەن نییە، بەڵکوو ئایدیۆلۆجیی زاڵ هەڵیدەسووڕێنێت. نموونەی خوێندنگەکانی فرەنسا دەهێنێتەوە چۆن تێیاندا سۆسیالیزەیشن، واتە پەروەردەی کۆمەڵایەتی ئامانجی ئەوەیە تاک وا ڕابهێنێت نەک هەر بەو ئایدیۆلۆجییە زاڵە قایل ببێت، بەڵکوو لای ببێتە ڕاستی و خۆی لەگەڵدا بگونجێنێت، بگرە تەواو پێوەی پێوەست ببێت. بەم شێوەیە چینی باڵادەست لەو ڕێگەیەوە هەمان تێگەیشتن درێژە پێ بدات. لێرەدا خوێندن ئاسانکاری بۆ منداڵی چینی سەردەست دەکات و هاوکات تەگەرە دەخاتە بەردەم منداڵی چینی ژێردەستەوە، بەوەی ئەوەی لە خوێندگەدا دەخوێنرێت، کولتووری یەکەمیانە و بە ئاسانی لێی تێدەگات، بەڵام ئەوەی دووەم دەبێت لە کولتووری چینی خۆی داببڕێت و بەر کولتوورێکی دیکەی نامۆ بکەوێت، کە مادام هیی خۆی نییە، وزەیەکی زۆری دەوێت، تاکوو لێی تێبگات، بۆیە هەمان توانای منداڵە دەوڵەمەندەکەی نابێت و دوا دەکەوێت. بەم شێوەیە فێرکردن دەبێتە دەستەڵاتێکی سیمبۆڵی و بە

نهێنی دەست بەسەر مرۆڤدا دەگرێت، کە (بۆردیۆ) خۆی پێی وایە ئەو دەستەڵاتە نەبینراوە کاریگەرییەکی گەورەی هەیە.[31]

ئەوەی لای ئێمە تەنیا لە فۆرمدا جیاوازە، بەوەی کۆمەڵگەی کوردی هێشتا ئاستی سەرەتاییی نەبڕیوە، بەڵام لە ناوەرۆکدا هەمان شتە، کە ئەوەی مرۆڤی پێ پەروەردە دەکرێت، ئەو ئایدیۆلۆجییەیە لە دوای ڕاپەڕینەوە باڵی بەسەر سەرجەم کۆمەڵگەدا کێشاوە. پێکهاتەیەکە لە سیاسەتی حیزبی دەستەڵاتدار و ئایین. مرۆڤ بە ئاسانی لەو کتێبانەی لە خوێندنگەکاندا دەخوێنرێن، هەست بە چەواشەکاری دەکاتو تێدەگات چۆن خوێندن بووەتە ڕێگەیەک بۆ خوشەویستکردنی دەستەڵات و ئایدیۆلۆجیی زاڵ. لەولایشەوە نەک هەر خوێندکاری سەرەتایی، بەڵکوومنداڵی باخچەی ساوایانیش بە زۆر کۆمەڵێک تێکستی پێ لە بەر دەکرێن و وەک حەقیقەت پێشانی دەدرێن، لە کاتێکدا ئەوانە لای ڕاڤەکاران ساغ نەکراونەتەوە و کێشەیان هەیە.

دەکرێت لێرەدا ئەو کۆنسێپتەی (بۆردیۆ) لە بەرچاو بگرین و جارێکی دیکە بۆ ئەو شوێنە بگەڕێینەوە، کە تێیدا گوترا سلێمانی لە نەوەدەکان، لە کاتێکدا هەموو شارەکانی دەوروبەری بە دەستی ئیسلامییەکان دەڕووخێن، بە تەنیا دەمێنێتەوە و خۆی بە دەستەوە نادات، کەچی لە حەڤدەی شوباتەوە بەرەو داڕووخان مل دەنێت. لە ڕێگەی (خوێندن)ەوە، کە ئایدیۆلۆجیی حیزبی دەستەڵاتدار و ئایین دەستیان بەسەردا گرتووە، هەروەها بە هاوکاریی ڕۆشنبیری جاگلەر نەوەیەکی نوێ پێ دەگات. ئەو نەوەیە بە هیچ شێوەیەک لەسەر ئەو یاخیبوونە دانەمەزراوە، کە نەوەکانی پێشوو بەرهەمیان هێناوە،

---

[31] Heine Andersen & Lars Bo Kaspersen (red): “Klassisk og moderne samfundsteori”, Hans Reitzel Forlag, 3. udgave, København 2005, (360_362).

بەڵکوو تەواو لەو مێژووەی خۆی دوور خراوەتەوە. دیسان دەڵێین مرۆڤ دەتوانێت لە دوای ڕاپەڕینەوە کاریگەریی ئەو خوێندنە بە ڕوونی ببینێت. ئەوەتە هەر لەژێر چەتری زۆرایەتیدا سەلەفییەکان دەردەکەون. ڕێگە بە خۆم دەدەم بڵێم وا کۆمەڵگەی کوردی لەو زۆنەی ناوی (هەرێمی کوردستان)ـە، وەک کۆمەڵگەی عەرەبستانی سعوودیی لێ دێت. لەوێدا ڕێککەوتن لەنێوان دین و سیاسەتدا کراوە. پاشا و دارودەستەکەی بۆیان هەیە وەک ئەوەی دەیانەوێت بژین، بەو مەرجەی ڕێ لە پیاوانی ئاییِنی نەگرن چۆن لە ناوەوە وڵات بە ڕێوە دەبەن. ئەمان بۆیان هەیە بچن لەگەڵ سەرۆکە کافرەکانی جیهان دابنیشن، دەست بخەنە ناو دەستیان، بگرە پێکەوەیش مەی بنۆشن، ئەوەیش قەیدی ناکات لە فرەنسادا بەشداری لە پرۆتێستی دژی تیرۆریستان بکەن، بەڵام ئەوانیش مافی خۆیانە لەو کاتەدا بە بەرچاوی هەموو دنیاوە دەستی دز ببڕن و جەڵدە لە هەر کەسێک بدەن، کە گوێ بە یاساکانیان نادات.[٣٢] لە هەرێمی کوردستاندا ئەمە خەریکە بە ڕوونی دەردەکەوێت. ئێستا بۆ پارتی ئەوە گرنگە بەڕێوەبردنی هەرێمی لە دەست نەچێت و خۆی وەک سەرۆک بمێنێتەوە. لێرەیشدا دۆستی دڵسۆزی وەک سەلەفییەکان نادۆزێتەوە. ئەوە خودی حیزبە ئیسلامییەکانی ترن کێشەیان لەگەڵ سەلەفیدا هەیە و دەرکەوتنی بە مەترسی دەزانن، نەوەک پارتی، چونکە وەک گوترا ئەمڕۆ ئەوانە بۆ پارتی، (دەڵێم ئەمڕۆ و ناڵێم سبەی)، جێگەی دڵنیایین، مادام نابنە تێکچوونی دۆخەکەی، بگرە دەبنە پاڵپشتی و هێزی دەدەنێ.

---

[٣٢] لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا کۆمەڵگەی سعوودی هەنگاوی بوێرانەی بەرەو کرانەوەیی ناوە و جیاوازە لەو ڕۆژگارەی ئەم باسە پێشکەش کراوە.

دەگەینە ئەوەی بڵێین دابەشبوونی کۆمەڵگەی ئێمە لەسەر بنەمای تێگەیشتنی جیاوازدا نییە، بەڵکوو پێوەندیی بەو زۆرایەتییەوە هەیە. واتە لە ئەنجامی بەرهەمهێنانەوە، چ بەرهەمهێنانی فیزیکی و چ بەرهەمهێنانی هزرییەوە نییە، کە دابەش دەبێت، بەڵکوو ئاڕاستەی ئەو زۆرایەتییە ئەوە دەسەپێنێت چۆن دابەش ببێت، بێ ئەوەی ئەو دابەشکارییە دۆخی ژێر چەترەکە بگۆڕێت. ئەو بۆچوونەی ڕۆشنبیری جاگلەر هەر زوو کورتی هێنا، کە پێی وا بوو بەهێزبوونی پایەی پیاوانی ئایینی دەبێتە هۆی بێهێزبوونی پارتی. جەختی لەسەر دەکەینەوە، کە ئەمڕۆ خەریکە کۆمەڵگە بەسەر پارتی و سەلەفی دابەش دەبێت، یان لانی کەم ئەو دوو تەوەرە بە زەقی دەردەکەون و ڕۆژبەڕۆژ زیاتر پێوەندیی دۆستانەیان دەردەکەوێت. پارتی لەو ڕووەوە ئەزموونی زۆرە و لەوانی دی چاکتر دەزانێت چۆن لەگەڵ تەوژمی ئیسلامیدا مامەڵە بکات. هەر لە شاخەوە ئەمەی پێڕۆیی کردووە و درێژەی پێ داوە. لە دەرەوەیش پارتی لەگەڵ هەموو حوکوومەتەکانی دەوروبەردا پێوەندیی پتەوی دامەزراندووە، بەوەی خاوەنی نەوتێکی زۆرە و بواری فرۆشتنی بە چاکی بۆ ڕەخساوە. لای تورکیای (ئەردۆگان) پەسەندە و لەگەڵ ئێرانیشیدا پێوەندیی دێرینەی هەیە، بگرە توانیویەتی لای عەرەبستانی سعوودییەیش بە دۆست بزانرێت.[٣٣] لێرەدا ڕۆشنبیری جاگلەر هیچ ڕۆڵێکی نییە، مادام ئەوە خواستی زۆرایەتییە و ئەتمۆسفێری ژێر چەترەکە خۆی ئەوەی سەپاندووە، بگرە ئەمە بەرهەمی هاوکاریی ڕۆشنبیری جاگلەر و سیاسەتمەداری جاگلەرە. ئێستا بۆ ئەو شوێنە دەگەڕێینەوە، کە تێیدا گوترا هەر لایەنێک لەژێر ئەو

---

[٣٣] ئەمە پێویســـتی بە لێکۆڵینەوەی وردتر هەیە، بەڵام لێرەدا هێندەی لێ باس کراوە، کە میتۆدی بابەتەکە ڕێگەی داوە.

چەترەدا سنووریکی بۆ خۆی داناوە، لێی تێنەپەڕێت، چونکوو بەزاندنی سنوورەکە تووڕەبوونی خودی زۆرایەتییەکەی لێ دەکەویتەوە.

## ڕۆشنبیری جاگەر و پەیام

ئەمرۆ ڕۆشنبیری خاوەنپەیام ڕۆشنبیریکی کۆنی تەقلیدییە. ڕۆشنبیریکە وەک سەرکردە و سیاسەتمەدار پابەندی خواستەکانی زۆرایەتییە. ڕۆشنبیریکە نە توانای تێپەڕاندنی هەیە و نە دەیشیەوێت لەو زۆرایەتییە دابڕێت. ڕۆشنبیریکە دەبێت بەردەوام دەربکەوێت و بە جەماوەرەکەی بڵێت پشتی تێ نەکردوون، بەڵکوو هەمیشە لەناویاندایە. ئەو ڕۆشنبیرە ڕۆژنامە و کەناڵە ئاسمانییەکان بە چاکترین ڕێگە دەزانێت بۆ ئەوەی بەردەوام خۆی بەو جەماوەرە پیشان بدات. کاتێ ڕۆشنبیر پەیامی هەیە، مانای وایە هەم بابەتی پەیامەکەی دیاری کردووە و هەم ئەوانەیش پەیامیان ئاڕاستە دەکات، ناسراون، کە ئەمە مانای مانەوەی ڕۆشنبیرە لەناو ئەو چوارچێوەیەی خۆی بۆ خۆی کێشاوە.

ئەوەی هەر ڕووناکبیر و فیلۆسۆفێک دروست دەکات، ڕووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ داڕووخان و تێکشکانی کۆمەڵگەدا، نەوەک خۆبەدەستەوەدانی، کە هەر ئەمەیشە دەبێتە فاکتەری دۆزینەوەی ئاڕاستەی نوێی بیرکردنەوە. دەکرێت لێرەدا ئێمە تەنیا (هیگڵ) بە نموونە بهێنینەوە چۆن بە هۆی شۆڕشی فرانسی و بارودۆخی ئەڵمانیای سەردەمەکەیەوە گۆڕانکاریی گەورە لە بیرکردنەوەی خۆیدا دەکات، بگرە لەمەوە زیاتر تینوێتیی بۆ ئازادی تاو دەستێنێت و قووڵتر لە دنیا دەڕوانێت. لەم ڕووەوە کۆنسێپتی نیگەیشن (Negation) دادەهێنێت، کە بەشێکی جیانەکراوەی دیالێکتیکە و ئەمەیان تاکە ڕێگەیە بۆ تێگەیشتن لە

هۆشیاری. نێگەیشن واتە گواستنەوە لە بیرۆکەیەکەوە بۆ دژەکەی. بە مانایەکی دیکە گواستنەوە لە پۆزێتیڤەوە بۆ نێگەتیڤ، بۆیە پێی وایە نێگەتیڤ بە هەمان ئەو ئەندازەیەی نێگەتیڤە، پۆزێتیڤیشە، کە دواتر هەردووکیان یەک دەگرن، بەڵام لە دۆخێکی باڵاتردا. بەم شێوەیە ئەم شێوازی نەفیکردنەوەیە نەفیکردنەوەی تەواو نییە، بەڵکوو نەفیکردنەوەی بەشێکی دیارکراوە، کە هەر خۆی خەریکە دەتوێتەوە. لە ئەنجامی ئەو نەفیکردنەوەیەیشدا ناوەرۆک دەمێنێتەوە. ئەو ئەنجامەی لەو نێوەدا بە دەست دێت، نوێیە، بەڵام باڵاترە و لەو کۆنسێپتەی پێشوو دەوڵەمەندترە. کەواتە لە ڕێگەی پرۆسێسی نەفیکردنەوەوە دەوڵەمەند بووە.بە هەرحاڵ ئەمە ئەو ڕێگەیەیە، کە (هیگڵ) دەیەوێت واقیعی پێ ڕاڤە بکات، بەوەی نێگەیشن چەمکێکی کراوەیە، دۆگما نییە و توانای بەردەوامیی هەیە. وەک (هێربێرت مارکیوز) جەختی لەسەر دەکاتەوە (هیگڵ) دەیەوێت لەو کۆنسێپتەوە واقیعی تێکشکاو و داڕووخاوی ئەڵمانیا بخوێنێتەوە. واتە هەر دەبێت سیستێمی سیاسی تێک بشکێت و بۆ سیستێمێکی نوێی عەقڵانی(a new rational order) بگۆڕێت. گۆڕانکارییەکی لەم شێوەیەیش بەبێ توندوتیژی نایەتە کایەوە.[٣٤]

ڕۆشنبیری جاگلەر دوورە لەوەی گۆڕانکاری بکات، مادام لە ڕێگەی ئازارەوە ڕووبەڕووی واقیع نابێتەوە، لە کاتێکدا تەنیا ئازارە ئەو توانایە بە ڕۆشنبیر دەبەخشێت لە خۆی و لە دەوروبەری قووڵ ببێتەوە.

ئەوەی زۆرایەتی دەجووڵێنێت و گۆڕانی بەسەردا دەهێنێت، ئاڕاستەی جیاواز و پێچەوانەیە. داعش، کە هێزێکی نەخوازراوە، کاتێ بەر ئەو زۆرایەتییە دەکەوێت، بە توندی بە لاوە دەنرێت، بەڵام هەر ئەویشە دەیهەژێنێت. قورس

[٣٤] Herbert Marcuse, reason and revolution, Hegel and the rise of social theory, 2nd edition. (London: Routledge and Kegan Paul), 1955. Pp 51

نییە بەرهەمی ئەو هەژانە ئەگەر کەمیش بێت، ببینین، کە ئەمە پێمان دەڵێت ئەو زۆرایەتییە تەنیا بە ئاڕاستەی پێچەوانە دەوروژێت و دەگۆڕێت، نەوەک بەو فکرانەی دڵنەواییی دەدەنەوە، کە هێشتا ڕۆشنبیری ئێمە ئەو ئاڕاستەیەی نەگرتووە. خۆ ئەوانەی ویستوویشیانە بە میتۆدی ڕەخنە ڕووبەڕووی ببنەوە، تاکوو ئەمڕۆ ژمارەیان کەمە و هەوڵەکانیان سەرەتایین.[٣٥]

---

[35] فکرە گەورەکان بەرهەمی شۆکن. ئەو شۆکەی داعش توانیی کۆمەڵگەی ئێمە بباتە ئاستێکی جیاوازتر لەوەی چەند ساڵ لەمەوبەر دەمانبینی. مەبەستم ڕۆژگاری پێشکەشکردنی ئەم کۆڕەیە. داعش بەرهەمی خۆمانە، بەڵام بە ڕوانینی (هیگڵ) بەرهەمی جووڵەی خۆیشمانە. ئەو پێی وایە )، کە عەقڵی rational aimڕووداوە مێژووییەکان ئامانجیان لە پشتەوەیە، ئامانجی عەقڵانی ( گشتگیر هەڵیاندەسووڕێنێت. عەقڵی گشتگیر خواوەندە و دەستەڵاتی تەواوی بەسەر ئەو ڕووداوانەدا هەیە، بۆیە چاکە و خراپە وەک یەک بەشداری لە بزووواندنی ڕەوتی مێژوودا دەکەن، لە کاتێکدا کارەکتەرەکانیش بە چاک و بە خراپیانەوە لەلایەن ئەو عەقڵە گشتگیرەوە ڕۆڵیان پێ دراوە. (هیگڵ) مێژوو بە شانۆی تراجیدی دەزانێت، نەوەک بە شانۆی بەختیاری، بەڵام هاوکات وای دەبینێت هەموو ئەو ڕووداوە تراجیدییانە بە ئاڕاستەی ئازادیدا دەجووڵێن. هەر لە سەرەتای کتێبی (فەلسەفەی مێژوو)دا ڕایدەگەیەنێت، کە مێژووی جیهان شتێک نییە، جگە لە پەرەسەندنی هۆشیاریی پێوەست بە ئازادییەوە. مێژوو بۆ ئەوە دەچێتە پێشەوە، تا بە ئازادیی زیاتر ماوەیەک وەک فاکتەری نەگەتیڤ لە مێژوودا دەردەکەون، بگات. ئەو ڕووداوانە ئەگەرچی بۆ بەڵام دواجار ڕۆڵ لە جووڵاندنی ڕەوتی ئەو مێژووەدا دەبینن و هۆشیاری دێننە ئاراوە، بۆیە پێی وایە مێژوو بوونەوەرێکە و گیانی لە بەرە، کە ئەو گیانە لە لایەک ئازادییەکەیەتی و لە لایەکی دیکەیش تێگەیشتنی ئەوە بۆ ئەو ئازادییە. بەم شێوەیە ڕەوتی مێژوو بەرەو ئازادیی دا مێژوو زیاترە، کە هەر ئەم ڕووداوە تراجیدییانەن ئەو ڕەوتە درێژە پێ دەدەن، بەڵام بەوە گیانلەبەرە، تووشی وەستان، لادان، لێژی و هەورازی دێت، کە وەک گوترا لەوانەوە هۆشیاریی خۆی بە دەست دەهێنێت. بڕوانە ئەو گفتوگۆیەی لەژێر ناونیشانی (چۆن بۆ ڕزگاری دەگەڕێمەوە؟)، کە ئەمە لینکیەتی:
[چۆن بۆ ڕزگاری دەگەڕێمەوە؟ گفتوگۆ لەگەڵ کاروان عومەر کاکەسوور لەبارەی (ئامادەیی ڕزگاری)یەوە ... سازدانی: د. شوان سلێمان – Dengekan]
ئەوەی لەم ساتەدا بۆ من گرنگە، ئەوەیە، بتوانین ئەو توانایە لە خۆماندا پەیدا بکەین بەرهەمەکانمان بمرێنین، مردنی میتافیزیکی، کە ئەم تێگەیشتنە لە (نیتشە)وە، بگرە لە (شۆپێنهاوێر)ەوە سەر هەڵدەدات و بە هەر یەک لە (هایدیگەر)، (فۆکۆ)، (بارت)، (دێریدا) و ئەوانەی دیدا تێدەپەڕێت. مراندنی بیرۆکەیەک لە پێناوی لەدایکبوونی بیرۆکەیەکی دی. دەرکەوتنی ئەو لاوە یاخییانە چ لە سۆشیالمیدیا و چ لەسەر شەقامەکاندا ئەو گۆڕانکارییە پێشان دەدات. زمانی ئەوانە تەواو جیاوازە لەو زمانەی لە سەردەمی حەقدەی شوباتدا هەبوو، بۆیە ڕۆشنبیری جاگلەر هەمان ڕۆڵی جارانی نەماوە، بگرە لای ئەو لاوە یاخییانە جاگلینگ بووەتە مایەی گاڵتە. ئەگەر لە حەقدەی شوباتدا بەردەوام لۆژیکی ڕووخانی حوکوومەت و سیستێممان دەبینی، کە ئەمە لۆژیکی شۆڕشە و وەک (کامیۆ) دەڵێت جۆرێکە لە تیرۆر، ئەوە لای ئەو لاوانە ئەم لۆژیکە تێک شکاوە، لانی کەم کاڵ بووەتەوە، چونکە یاخیبوون سنوور و وێستگەی نییە. بۆ زیاتر ).39تێگەیشتن لە جیاوازیی نێوان لۆژیکی شۆڕش و لۆژیکی یاخیبوون، تکایە بڕوانە پەراوێزی (

(گرامشی) باوەڕی وایە هەموو خەڵک بە شێوەیەک لە شێوەکان ڕۆشنبیرن، بەڵام هەر ئەوانەی خاوەنی فکری باڵان وکاریگەرییان هەیە، بە ڕۆشنبیر دادەنرێن. مەبەستی ڕۆشنبیری ئۆرگانیکە، لە ڕۆشنبیری ترادیشیۆنەڵی جیا دەکاتەوە.[٣٦] وەک ئەوە وایە بڵێت ڕۆشنبیر کاتێ دەتوانێت ڕۆڵی کاریگەر لە کۆمەڵگەدا ببینێت، کە ئاستی میللی تێدەپەڕێنێت و دەبێتە خاوەنی تێگەیشتنێکی تایبەت و ڕەخنەدۆزانە، بەوەی تەنیا لە ڕێی دابڕانەوە پێوەندیی خۆی بە دامودەستگەکانەوە دەپچڕێنێت و ئازادانە لە کونوکەلەبەرەکانیان دەڕوانێت. واتە بەبێ ئەو ئازادییە ئەستەمە ڕۆڵی ڕەخنەدۆز ببینێت. دەکرێت بگوترێت ڕۆشنبیری ڕەخنەدۆز نەک هەر ئاستی خەڵک، بەڵکوو ئاستی خۆیشی تێدەپەڕێنێت، کە تەنیا پرسیاری نوێ و وردبوونەوەی زیاترە ئەو تێپەڕاندنە دەهێننە دی.

بەگشتی مرۆڤی ئێمە وەک چۆن نەیتوانیوە ژیانی خۆی وا بێنێتە بەرچاو، سەرکردە و سیاسەتمەداری نییە، بە هەمان شێوە لە دەستیشی نەهاتووە ڕۆشنبیر لە دنیای خۆی بکاتە دەرەوە، بەڵکوو ترسی لەدەستدان وای لێ کردووە لەسەر شێوازی ئەفسانەکاندا وێنەیان بکێشێت و قەبارەیان زۆر گەورەتر لەوەی هەن،پێشان بدات، بەڵام گرنگە ئێمە بەرگەی ئەو شۆکە بگرین، کە زۆربەی ئەو ڕۆشنبیرانەی دوێنێ بە گەورەمان دەزانین، جاگەلەر دەرچوون و ئەمڕۆ هیچ پرۆژەیەکی فکریی ڕەخنەییان نییە. پێم وایە تەنیا

---

[٣٦] Heine Andersen & Lars Bo Kaspersen (red): "Klassisk og moderne samfundsteori", Hans Reitzel Forlag, 3. udgave, København 2005, 151

شۆکێکی لەم شێوەیە دەتوانێت وامان لێ بکات نەک هەر ئاستی ئەم ڕۆشنبیرە، بەڵکوو ئەو دۆخەی ئێستایش تێبپەڕێنین.[٣٧]

یەکێ لەو خاڵانەی هەر ڕۆشنبیرێکی ڕەخنەدۆز،کە خواستی تێپەڕاندنی مۆدێلی ڕۆشنبیری جاگەری هەیە، لێیان تێدەگات، ئەوەیە، ئەرکی ڕۆشنبیر ئەرکێکی قورسە و بیرکردنەوە پرۆسێسێکی سەختە. هەمیشە کاری دەسەڵات چ دەسەڵاتی سیاسی، چ دەسەڵاتی کۆمەڵایەتیی لە شێوەی خێزان، قوتابخانە، پەرستگە و ئەوانەی دی ئاسانە، بەوەی ئەوان نەک مەبەستیان نییە زۆرایەتی تێبپەڕێنن، بەڵکوو تا بۆیشیان بکرێت شەڕ لە پێناوی هێشتنەوەی ئەو دۆخە جێگیرەدا دەکەن. ئایدیۆلۆجی، هەمئایدیۆلۆجیی سیاسی و هەمئایدیۆلۆجیی ئایینی لەسەر ئاسانکاری دامەزراون. چەند پرینسیپێکیان هەن، کە بە ئاسانی لە بەر دەکرێن و دەگوترێنەوە. هەموو دامودەستگەکانی وەک خێزان، پەرستگە، قوتابخانە و زۆری تریش دەیانڵێنەوە و بە ئاسانی لە مێشکدا دەچەسپێن، بەڵام کاری ڕۆشنبیر قورسە، بەوەی دەبێت گومان لەو پرینسیپانە بکات و هەڵیانبوەشێنێتەوە، بگرە بە ئایدیای نوێ ڕووبەڕوویان ببێتەوە. هەر لەبەر ئەوەیشە ڕۆشنبیری جاگەر بە شتە گەورە و زەقەکانەوە دەلکێت، بەڵام ڕۆشنبیری ڕەخنەدۆز بۆ ناو شتە وردەکان ڕۆ دەچێت و ئاراستەی نوێیان تێدا دەدۆزێتەوە. بەم شێوەیە ڕۆشنبیر ئەوە نییە کێشەی لە قەبارەی خۆی بچووکتر، یان هێندەی قەبارەی خۆی دروست دەکات، بەڵکوو ئەوەیە کێشەی گەورەتر لە قەبارەی خۆی دەخوڵقێنێت. ڕۆشنبیری میللی، کە هێندە ڕووی

---

[٣٧] ئەو شـۆکەی ئەودەم پێم لەسـەر داگرتووە، ئەمڕۆ لای ئەو لاوە یاخییانە دەرکەوەتووە، وەک لە پەراوێزی (٣٥)دا ئاماژەی پێ کرا.

له زۆرایەتییە و لێی جودا نابێتەوە، لەبەر ئەوە نییە دەیەوێت لەگەڵ خەمەکانیدا بژی، وەک ئەوەی بانگەشەی بۆ دەکات، بەڵکوو ئەوەیە توانای نییە ئەو ئاستە جێ بهێڵێت، بەوەی لە دارِشتنی پرسیاری نوێدا دەستەوستانە، لە کاتێکدا تەنیا لە رِێی پرسیاری نوێوە رِۆشنبیر دەتوانێت مەودا (Distance)ی نێوان خۆی و جەماوەر دروست بکات، کە مەرجی سەرەکیی داهێنانە.(عەلی حەرب) پێی وایە (لە پیتاگۆراسەوە فەلسەفە بریتییە لە فێرکردنی تایبەت، نەک هیی گشت، مادام گشت بەرگەی ناگرێت و لێی تێناگات، بگرە تێکیشی دەدات. کەواتە چاک نییە راستییەکان لە بەرانبەر جەماوەردا بگوترێن، بەڵکوو پێویستە بە شێوەیەک تۆمار بکرێن لە گرێ و سیمبۆڵ خاڵی نەبن، بە رادەیەک تەنیا ئەوانە دەستیان بگەنێ، کە شایانیان و هەقی خۆیانیان پێ دەدەن).[٣٨]

تێروانینی رِۆشنبیری میللی بۆ جەور و ستەم لە سنووری هاوکێشەی (سەرەتا، ناوەراست و کۆتایی) تێناپەرێت. واتە ئەو رِۆشنبیرە پێی وایە جەور و ستەم سەربەخۆن و لینکی جۆراوجۆریان نییە، تاکوو بە دوایاندا بگەرێت و لێکیان بداتەوە. بەم شێوەیە وەک شتی فیزیکەڵ لێیان دەرِوانێت. پێی وایە زوڵم سەرەتای هەیە، دەگاتە ناوەراست، دواتر تێک دەشکێت و کۆتاییی دێت، بۆیە زمانێکی ئاسانی پێویستە، ئەو زمانەی رِۆژانە خەڵک بە کاری دەهێنن، لە کاتێکدا رِۆشنبیری رەخنەدۆز و تێپەرێنەر پشت لەو تێگەیشتە سادەیە دەکات و لە ناوەوە چ لە چەمکی زۆرداری و چ لە هەر چەمکێکی دی دەرِوانێت، بەو مەبەستەی تێیانبپەرێنێت، نەوەک دەستیان پێوە بگرێت. واتە ئەو تاکە ئاراستەیە تێک دەشکێنێت و دەیان ئاراستەی دیکەی جیاواز

[٣٨] على حرب، (النص والحقيقهII ) نقد الحقيقه، المركز الثقافي العربي، الطبعه الاولى، ١٩٩٣، ص١٢

دادەهێنێت.[٣٩] (ژیل دۆلۆز) و (کلێر پارنێ) لە کتێبی (دایەلۆگەکان)دا دەنووسن: (ئامانج وەڵامدانەوەی پرسیارەکان نییە، بەڵکوو دەرچوونە لێیان. خەڵکێکی زۆر هەن باوەڕیان وایە دووبارەکردنەوەی پرسیار مانای دەرچوونە.... بەڵام دەرچوون هەرگیز ئاوا نایەتە دی).[٤٠]

دەشێ ئەمڕۆ لە ئەتمۆسفێرێکی ئاوادا جوێنێک، نزایەک،سلۆگەنێک، یان هاوارێکی ڕۆشنبیری جاگلەر لە دەیان شیعر و ڕۆمان گرنگتر بن، بەڵام ئەوە هەر شیعر، ڕۆمان، چیرۆک، شانۆ، میوزیک، هونەری شێوەکاری و ئەوانەی

---

39 ئەوە لۆژیکی شۆڕشە، کە تا ئەم ساتەیش بەسەر فکری بەشێکی زۆری نووسەری ئێمەدا زاڵە. ڕاستییەکەی ئاسانە و لە سیاسەتەوە بۆی ماوەتەوە. ئەمساڵ لەژێر ناوی (ڕۆمان لە تاکدەنگەوە بۆ فرەدەنگ)دا (شاخەوان سدیق) گفتوگۆیەکی لەگەڵدا کردم و لەوێدا هەوڵم داوە لۆژیکی شۆڕش و هیی یاخیبوون لە یەک جودا بکەمەوە. شۆڕش سەرەتا، ناوەڕاست و کۆتاییی هەیە، بەڵام یاخیبوون وەک (کامیۆ) پێی وایە فرەئاڕاستەیە و ناگاتە خاڵی کۆتایی. هەتا ئەمڕۆیش لای ئێمە هەم بەشێکی زۆری ڕۆمان بەپێی پرینسیپی (سەرەتا، ناوەڕاست و کۆتایی) دەنووسرێت و هەم ڕەخنەگری میلیلییش ئەوەی کردووەتە پێوەر بۆ ڕۆمانی باش و خراپ. گرێچن پێوەندیی بەو تیۆرییە زەبەلاحانەوە هەبوو، کە وەک قاڵب و کڵێشە خۆیان بەسەر ئەدەبدا دەسەپاند، بۆیە لەگەڵ پووکانەوەیان، ئەو هێڵە دەرەکییەی کاتیش تێک شکا و کاتی ناوەوە بایەخی پەیدا کرد، کە وەک گوترا لەتلەتی بووە خەسڵەتێکی ڕۆمانی پۆستمۆدێرن... وەک گوترا لۆژیکی شۆڕش، نەوەک لۆژیکی یاخیبوون بەسەر فکری ڕۆماننووسدا زاڵە، کە هەمان لۆژیکی سیاسەتە. قۆناغە دیاریکراوەکان دەبڕێت و دەگاتە کۆتایی. ئەمڕۆ شۆڕش لە باشووری کوردستاندا گەیشتووەتە ئامانجی خۆی، کە نەک هەر دەستی بەسەر ساماندا گرتووە، بەڵکوو خودی کەسەکانیش بە هیی خۆی دەزانێت. ئەوە لە بیرۆکەی بەهشت نزیک دەبێتەوە، بەوەی شۆڕشگێڕان دوای خەباتی بێوچان بەم کۆتاییە گەیشتوون و پاداشت دراونەتەوە. چوونەتە دەرەوەی لێپرسینەوەوە و دەتوانن بە ئارەزووی خۆیان هەڵسوکەوت بکەن. ڕۆماننووسانیش دوای بڕینی قۆناغەکان لە هەمان کۆتاییدا خۆیان دۆزیوەتەوە و بە هەمان زمانی ئەوانیش هەر دەنگێک دەسڕنەوە، کە لێیان جیاوازە... شۆڕش وەک گوترا یەک ئاڕاستەی هەیە و بەپێی کاتی دەرەوە دەچێتە پێشەوە، بەڵام یاخیبوون ئاڕاستەی جۆراوجۆری هەن. لۆژیکی کاتی دەرەوە تێک دەشکێنێت و هیی ناوەوەی خۆی دادەمەزرێنێت. بە مانایەکی تر، شۆڕش تاکدەنگ و یاخیبوون فرەدەنگە. (کامیۆ) یاخیبوون لە چەمکی بوغز ( Resentment ) تەواو دوور دەخاتەوە، بەوەی بوغز سەرچاوەی ئێرەیی ( Envy )یە و وا خۆی دەردەخات خاوەنی شتێکە، بەڵام ئەوانەی تر لێیان داگیر کردووە، (ماکس شیلەر) لە پێش (کامیۆ)وە بە ژەهراویبوونی خود، یان خودژەهراوی ( Autointoxication ) ناوی دەبات، لە کاتێکدا یاخیبوون بە خۆشەویستی، (خۆشەویستیی ئەوانەی تر) گۆش کراوە. ئێرەیی، کە لە بوغزەوە هەڵدەقوڵێت، ڕووی لە بابەتە، بەو مانایەی بابەتێکی دیاریکراو هەیە، ئەو ئێرەیییەی پێک هێناوە.

٤٠ جیل دولوز_ کلیر بارنیت، حوارات فی الفلسفه والأدب والتحلیل النفسی والسیاسه، ترجمه عبدالحی ازرقان_ احمد العلمی، افریقا الشرق_ المغرب، ١٩٩٩

دیکەن دەتوانن زەمەنەکان ببڕن، مادام لەسەر جیاوازی دامەزراون و لە توانایاندا هەیە جیاوازی بەرهەم بهێنن.

**تێبینی**: ئەم باسە ساڵی (٢٠١٥) لە دوو سێمینار چ لە سوێد و چ لە دانمارکدا پێشکەش کراوە. ڕاستییەکەی تەنیا خاڵە بنەڕەتییەکانی دیاری کرابوون، دەنا نەنووسرابووەوە. ساڵی دواتر لە (دەنگەکان)دا بڵاوم کردەوە. هاوڕێی ئازیزم (دلاوەر ڕەحیمی) وای پێ باش بوو دیسان بڵاو بکرێتەوە، بۆیە پێیدا چوومەوە و چەند پەراوێزێکم بۆ نووسیوە. ئەودەم وشەی (زۆرینە)م بە کار بردبوو، بەڵام هەست دەکەم (زۆرایەتی) دروستترە. وشەی (ڕەخنەگر)یش بۆ (ڕەخنەدۆز) گۆڕاوە.